# خانه خمینه‌کان




هاوڕێ نه‌هرۆ

٢٠١٣

**پێشکەشە بە:**

- قوربانیانی ئەنفال.
- کیمیابارانکراوانی هەڵەبجە.
- زیانلێکەوتووانی کۆڕەوەکە.


* خانە خمینەکان: کورتە رۆمان.
* نووسینی: هاوڕێ نەهرۆ.
* جۆری چاپ: ئەلکترۆنیی.
* چاپ و دیزاین و بەرگ: "ماڵپەڕی ئەمرۆ".
* چاپی یەکەم - مایسی ٢٠١٣.
* نەرویج.
* بەرهەمهێنانی "رۆژنامەی ئەمرۆ" زنجیرە (٥).

## - خانەی یەکەم -

تۆ خاوەنی خۆت نی.. سەردەم و کات خاوەنتە، بنمیچی کاتەکانیشت داگیر کراوە، دەبێ سپێدان زوو لەگەڵ تاریک و روونذا لە خەو راپەڕی، خۆت بشۆی.. فراڤین بخۆی، بۆ سەر ئیش بچی، ئیشەکەشت سەرقاڵییەکی هەمیشەییە.. تەنیا ئەوەندە دەرفەتت هەیە لە کاتی دیارکراوی پشوودان جگەرەیەک داگیرسێنی و مژی قووڵ قووڵی لێ بدەی و بیر لە جیهانی نامۆیی خۆت بکەیەوە، لە ناخەوە خۆت دەدوێنی و دەبێژی ئەوە چ رۆژگارێکە تێیکەوتووم، چما دەبێ هەمیشە لە کەسوکار دوور بم؟ چما دەبێ کات و دەسەڵاتی کات رۆبۆت ئاسا مامەڵەم لەتەکدا بکەن؟! رۆبۆتی بێ هەست و نەست.. بێ سۆز و ئەندێشە.. بێ رامانێکی گەشبینانە، خۆ تۆ لە کاتی پشوودانیش هەر لە چێژەکانی خۆشیی و بەهرەداریی مرۆڤە سادەکان دابڕاوی، تۆ جیاوازی.. لە سەردەمی منداڵییشەوە هەر جیاواز بووی، لەگەڵ زۆر کەس تێکەڵ نەدەبووی، زۆر بە چاکیی ئامۆژگاریی دایک و باوکی خۆت لە گوێ دەگرت.. هەرچەندە لە سەردەمی نەوجەوانییت هۆرمۆنەکانی جەستە بێ ویستی خۆت کاری هەڵەیان پێ دەکردی، هێندێک جار وەک مرۆڤێکی سەرەڕۆ دژی دایک و باوکت رەفتارت دەکرد.. ئێستا پەشیمانی لەو کردەوانە! جاروبار لە ئاسمان رادەمای؛ وێنەی ئەفسووناویی ئاسمان بۆ چەند چرکەیەک سەرنجی رادەکێشای کە چۆن پەڵە هەورەکان بە نێو یەکدا دەچن و ئاوێتەی یەک دەبن و پەرشوبڵاو دەبنەوە.. رێک وەک رەوە مامزێک دەهاتنە پێش چاوانت!

باش لە بیرتە شەوێکی ئەنگوستەچاو بوو؛ ویستت لە رووبارەکە بپەڕیەوە، دەستی خوشکە چکۆلانەکەت گرتبوو.. لە پڕێک دەستی لە دەستت بەربوو.. هاواری کرد، تۆش لە پڕمەی گریانت دا، هاتیەوە کارەساتەکەت بۆ دایکت گێڕایەوە؛ ئەویش واقی وڕما.. دەمی بووە تەڵەی تەقیو.. بەو شەوە نەتانزانی چی بکەن.. روو لە کوێ بکەن.. پەنا بۆ چ خواوەندێک ببەن سەبووریتان پێ ببەخشێ، ئەرێ.. ئەو کارەساتە یادەوەرییەکانتی بریندار کرد.. تا دەهات پتر بە قووڵایی دەروونتدا دەچووە خوارێ، ئیدی دایکت لەو رۆژەوە رقی لێت هەڵگرت.. جاروبار بە ئەنقەست هەستی ناسکی منداڵانەتی بریندار دەکرد و پێی

دەگوتی "سەر زل.. چاو هەڵتۆقیو.. قاچ کورت"، ڕۆژێکیان تەمەنت نزیکەی پازدە ساڵان دەبوو لەسەر ئەو قسانەی بووە شەڕتان؛ تۆش ناچار هیچ ڕێگەیەکت لە بەردەم نەما.. دەستت دایە پەرتووکێک و لە ماڵ وەدەرکەتی، بێهودەیی و زاڵبوونی دەسەڵاتی دایک هەموو خانەکانی مێشکتی تەنیبۆوە، چووی بۆ لای تاوەری کارەبایەکە کە کارەبای دەگەیاندە پاڵاوگەی نەفت، تاوەرەکە هەڵگری ١٦ هەزار کیلۆوات بوو، زۆر لەسەر خۆ پەرتووکەکەت لەسەر کۆنکریتی ژێر تاوەرەکە دانا و بە تاوەرەکە هەڵگژای، چەند پلەیەک وەسەرکەتی، گەیشتیە هێمایەکی ترسناک.. هێمای مردن.. نیشانەی کوشتنی مرۆڤ، ویستت پتر سەرکەوی بەڵام حەزی ژیان و ترس لە مردن بوون بە جەمسەرێک و بەرانبەر جەمسەری خولیای خۆکوشتن وەستایەوە! نەتتوانی لەوە پتر پەل بهاوێژی.. ناچار بەرەو خوار داگەڕای، بەرەبەری نیوەڕۆ بوو.. پەرتووکەکەت هەڵگرتەوە و بە سکی برسی گەڕایەوە، ئیدی نە لەگەڵ خۆت ئاشت بوویەوە نە لەگەڵ دایکت.. ئاشتبوونەوەتان رواڵەتیی بوو.. تەنانەت ئێستاکەشی لەگەڵدا بێ ناتوانی ئاشتبوونەوەی هەمیشەیی لەگەڵ خۆت رابگەیەنی، هەر بۆیە یادەوەرییەکان ئازارت دەدەن.. یەخەت بەر نادەن.. وەک ملۆزم گێچەڵت پێ دەکەن، تۆش ناچاری بادەی خەم بنۆشی و لە بازنەی تەنیایی دڵنەوایی خۆت بدەیەوە! دایکت زۆر گوشاری بۆ دەهێنای.. دەیویست ڕێڕەوی ژیانت بە پێی حەزی خۆی ئاراستە بگرێ، تۆ زۆر حەزت لە نیگارکێشان و پەیکەر دروستکردن بوو.. ئەویش لە سۆنگەی دراوسێیەکتانەوە بوو؛ سێ کوڕیان هەبوو.. هەموویان دەسترەنگین بوون، باوکەکەیان هەلاج بوو، ئیشی دایکیشیان هەڵگرتنی مووی رووی ژنان بوو، دایکت زۆر جار ئەو ژنەی بانگ دەکرد و بە بەرچاوی ئێوەوە بڕۆی پێ چاک دەکرد و مووی رووی خۆی پێ هەڵدەگرت! تۆش هۆگری دەسترەنگینیی کوڕەکان ببووی بە تایبەتییش لە بواری خۆشنووسیی و پەیکەر دروستکردن!

ڕۆژێکیان قاڵبێکی نایلۆنیت دۆزییەوە؛ هی شێرێک بوو شمشێرێک بە دەستیەوە بوو، تۆش یەکسەر وەک ئەوەی مێش هەنگت لە کلۆری دار دۆزیبێتەوە، سەرەتا قاڵبەکەت شوشت و دوایی وشکت کردەوە و بە ڕۆن چەورت کرد و پڕت کرد لە گیراوەی بۆرەک - گەچی تایبەت بە پەیکەر دروستکردن و نیگار دەرهێنان - و پاش وشکبوونەوەی بە دڵێکی خۆش دەرتهێنا و لە ژووری مێوانان هەڵتواسی، دەمژمێرێکی نەخایەند دەستی پڕ لە ستەمی دایکتی پێگەیشبوو.. ئەو ئەفراندنەی هووردوخاش کردبوو، تەنانەت نەتزانی لە کوێشی فڕێ داوە!

شەوێکیان دەمژمێر یەکی شەو لە ورتەورتی دایک و باوکت وەئاگا هاتی؛ ئاگات لێبوو چوونە ژووری مێوانان.. پاش ساتێک جیڕەجیڕی تەختەکە هات!

بۆ سبەینێ دایکت چووە بازاڕ.. زۆر شتی کڕیبوو، کە گەڕایەوە؛ رووداوی دوێشەوت وەبیرهاتەوە.. بیانووت پێ دەگرت و شەڕت پێ دەفرۆشت، ئەویش بەستەزمانەی دەیویست بەو شتانەی لە بازاڕ کڕیبوونی رازیت بکا.. وەلی تۆ رازی نەدەبووی، لە راستییدا تۆ پێتوابوو دایکت بوونەوەرێکی پیرۆزە و نابێ هیچ کەسێک دەستی بۆ ببا.. ئەگەر ئەو کەسە باوکیشت بێ، ئەو دەمە تۆ هیچ شتێکت لە بارەی گرێی ئۆدیب نەخوێندبۆوە کە کوڕ (غیرە) لە باوکی خۆی دەکا و ئەشقی دایکی خۆی دەبێ، کچیش گرێی ئیلکترای هەیە و (غیرە) لە دایکی خۆی دەکا و ئەشقی باوکی خۆی دەبێ! تۆ نەتدەزانی کەوتیتە نێو گێژاوی پەروەردەیەکی پڕ لە هەڵە و کەموکوڕیی.. هەست و نەستێکی ئاڵۆزکاوت هەبوو لەو سەردەمەدا! سەروەختێکی نامۆ و پڕ لە تەمومژ.. نامۆ بە هەر خوێندنەوەیەکی واقعیی، ژیانی مرۆڤ وایە.. تا لە وێستگەیەک هەڵوەستە نەکا ناتوانێ بەسەرهاتەکانی رابردوو هەڵسەنگێنێ و کەموکوڕییەکان دەستنیشان بکا! هیچ کەسێکیش بە گەورەیی چاوانی بە ژیان هەڵنەهێناوە، ئەگەر نا نە پۆلیس و کەلەپچە و زیندان دەبوو نە دادگە و دادوەریی، هەڵبەتە لێرەدا مەبەست لە گەورەیی گەورەیی تەمەن نییە.. بەڵکو گەورەیی هزر و ئاوەزە، زۆر کەس هەن بە تەمەن جوامێر و گەورەن کەچی بە رەفتار نەوجەوانن.. ئەوانەش بە کەسایەتییە نەرێنییەکانی ژیان ناوزەد دەکرێن!

## - خانەی دووەم -

تۆ لێرە ژیانت قوفڵ دراوە.. وا هەست دەکەی لە نێو یارییەکی دۆمینە دای و دووشەشت لە دەست تۆپیوە! تەنیا چەند هاوڕێیەکی دیارکراو دەناسی؛ یەکێ لەوان (ئەرسەلان)ە.. ئەویش دەرچووی زانکۆی تارانە.. ژیانێکی پڕ ئاڵۆز و نهێنیی هەیە، ئەوەی بەسەر ئەرسەلان هاتووە.. کەم کەس بۆی قووت دەچێ، سەرهاتی ژیانی ئەرسەلان لە درامایەکی تراژیدیی دەچێ، ڕەنگە لێرەدا بوار نەبێ سەرگوزشتەی ئەرسەلان بخەینە بەرچاوان.. بەڵام لەوانەیە لە دەرفەتێکدا بە ناچاریی لە دەرگەی ئاسمانی چیرۆکەکەمان بدا! ئەگەر نەکەوێتە ژێر تەپوتۆزی بیرچوونەوە و پشووتەنگیی.

ئەرێ.. تۆ لێرە پەیوەندییت پتر لەتەک ئەرسەلانە.. چونکە هەندەران بواری ئەوە نادا بە ئاسانیی پەیوەندیی دروست بکەی، لێرە هەر کەسەو سەرقاڵی ئیشوکاری خۆیەتی، بە شێوەیەکی گشتیی ئەو پیاوەی هاوسەرگیریی کردووە گرنگترین شت لەکنی ئەوەیە هاوسەرەکەی زوو زمان فێر بێ و ئیشیکی دەستکەوێ، زەلامی واش هەیە لەگەڵ ژنێکی بێگانە ڕێکدەکەوێ.. جا ژنەکە یان بە تەمەن لە خۆی گەورەترە یان کەموکوڕییەکی هەیە! ئەو جۆرە هاوسەرگیرییەش هەزار و یەک ناز و فیزی تێدایە، چونکە ژنانی ڕۆژاوا بە شێوەیەکی گشتیی خۆیان بە زل و بە ڕەگەزێکی باڵا دەزانن، خاوەن دابونەریتی تایبەتن، لە ڕاستییشدا هەر وایە چونکە ئەگەر تەرزی ژیانی لای خۆمان و ئەوان بەراورد بکەین.. ئەوە زۆر خەوش و کەلێن و بۆشایی تێدەکەوێ، خەڵکی ڕۆژاوا هەموو هەڵسوکەوتێکیان بە ئەتەکێتە.. ئەگەر لە نێوەرۆکیشدا وا نەبن بەڵام ئەو تەرزە ژیانە هەر لە منداڵییەوە لە ناخی یادەوەرییان چەقیوە. سەرەنجام تۆش چارت ناچارە و کەوتیە نێو ئەو کێشمەکێشەوە.. وەک چۆن ڕێوی لە کونی خۆی هەڵبگەڕێتەوە گەڕ دەبێ!

تۆ هەمیشە حەزت لە ئاوەدانییەکەی لای خۆمانە؛ ژیانی گەرموگوڕ و پەیوەندیی راستگۆیانە، تۆ بەو نەریتە گۆش کراوی.. هەر چەند پێشتر خۆشییت لە ژیانی خۆت نەدیتبوو؛ لە هەڕەتی لاوییتدا شەڕەکان هەڵگیرسان.. هەژاریی یەخەتانی گرتبوو.. ژیان و گوزەران تا دەهات قورستر دەبوو، تۆش وەک هەر گیانلەبەرێکی بەستەزمان و بێ دەسەڵات وەنێو کێڵگەی دڕکاویی و وەسەر سەرزەمینی مینرێژکراو راتدەکرد، لە شەوی ئەنگوستەچاو و لە هەڵدێرەوە خۆت فڕێ دەدایە خوارێ نەوەکو رۆشنایی لایتی ئۆتۆمۆبێلەکانی سەر رێوبانان بەرتبکەون و ئاشکرات بکەن!

لە بیرتە هەفتەنامەیەک هەبوو بە نێوی (راصد) لە گۆشەیەکیدا نوکتە و گوتەی ناودارانی بڵاودەکردەوە، تۆش جاروبار نامەت بۆ ئەو گۆشەیە دەنارد و ئەوانیش لە ژێر ناوی راستەقینەی خۆت قسەیەکی نەستەقیان بۆ بڵاودەکریەوە، تۆش زۆر شاگەشکە دەبووی بەو هەنگاوە.. چونکە هەر لە منداڵییەوە حەزت لە کاری نووسین و رۆژنامەنووسیی بوو.. پێتوابوو داناترین کەسانی نێو ئەو گەردوونە رۆژنامەنووسانن.. بە تایبەتییش کاتێ لە تەلەفزیۆنەوە دەتدیتن و بە شێوەی سەرپێیی و بە بێ ئەوەی لەسەر کاغەز نووسینێک بخوێننەوە بە رەوانیی دەئاخاوتن!

ئەرێ.. ئێوارەیەکی رۆژگاری نەوجەوانییت.. بێ خەم لە چارەنووسی جیهان و ناوچەکە نیازی ئەوەت هەبوو بچی هەفتانەمەی (راصد) بکڕی و چاوت بە چەند رستەیەکی نووسینی بڵاوکراوەی خۆت رۆشن ببێتەوە!

بەر لەوەی بگەیە لای رۆژنامەفرۆشەکە لە نزیک بەنزینخانەکە لە نێو ئۆتۆمۆبێلێکی پۆلۆنییدا بووی و گوێت لە دەنگی رادیۆی نێو ئۆتۆمۆبێلەکە بوو کە لایەن ئێزگەی رادیۆی بەغداوە راگەیاندنی ژمارە یەکی جەنگی ئێران و ئێراق خوێندرایەوە! کەچی تۆ هەر لەسەر ریتمی خۆت بووی و چووی بۆ شوێنی رۆژنامەفرۆشییەکە.. بەڵام ئەفسووس داخرابوو، ئاخر لەو رۆژەدا سەرەتای ئاگربارین بوو.. زنجیرەی رۆتینیی ژیان وەک ملوانکەیەک لە گەردەنی مرۆڤی ئەو دەمە پچڕا! بەڵام تۆ درکت پێ نەکرد و لە قووڵیی قەیرانەکە هوورد

نەبوویەوە، کەچی پاشان تۆش پەیتا پەیتا ئاوێتەی ئەو رۆژگارە بووی، ئاماژە سەرەتاییەکانی ئەوە بوو کە دوا ساڵی پەیمانگەکەت بوو و لەسەر سفرەی نانخواردن و لە بەردەمی باوکت گریای.. لە روانگەی روانینی بنبەستەوە بۆ ئاینده گریای.. گریانێکی کورتی هێمنانە.. بەڵام چڕ وەک ناخی جۆشخواردووی نەوجەوانێک!

ئیدی شەوان لەتەک هاورێیەکانتدا دەردەچووی، باس هەر باسی جەنگ بوو.. یەکێ لەوان هەڵیدایێ و گوتی:
- دایکم گوتی دەبێ گەنم پاشکەوت بکەین.. لە رۆژگاری جەنگ نان بە زەحمەت دەستدەکەوێ!".

ئەوە بوو چوویت بۆ سەبازیی.. دڵت بەوە خۆش بوو کە بڕوانامەی دیپلۆمت هەیە و لە هێزەکانی پیادە نانووس ناکرێی، هەر واش دەرچوو.. لە هێزەکانی ئاسمانیی وەرگیرای و تۆیان خستە خولی مووشەکەوە.. مووشەکی زەمین بەرەو ئاسمان.. ئەو مووشەکەی ئێوەیان لەسەر رادەهێنا ناوی (کفادرات) بوو.. مووشەکێکی رووسیی بوو.. تەنانەت ئەو پسپۆڕەی کە وانەشی پێدەگوتن رووسیی بوو و وەرگێڕێکیشی هەبوو لە شوورەوی ئەندازەی ئاوباری تەواوکردبوو!

پاش چەند مانگێک کەوتیە نێو گێژەنی ململانێیەکی توندەوە، پێشتر - پێش گیرانت بە سەربازیی - گەنجێکت ناسی بە ناوی (ئاوارە).. چەند ساڵێک لە خۆت گەورەتر بوو، رۆژێکیان ئاوارە گوتی:
- من وای بۆدەچم تۆ لە بەشدارییکردن لە جەنگ ناڕازیی، لە هەمان کاتدا تۆ پەرتووکەکانی مارکس دەخوێنیەوە، تا رادەیەک رۆشنبیرییت هەیە، بۆچی نایەی نامەیەکمان بۆ بنووسی بە مەبەستی پەیوەستبوون بە حیزبەوە؟
دوای نەختێک بیرکردنەوە گوتت باشە، پاشان نامەکەت لەسەر کاغەزی جۆری (رایز) نووسی و لای بەنزینخانەکە داتە هاورێیەکەت! ئەویش سوپاسی کردی و ماڵئاوایی لێکردی.

دوای ماوەیەک ئەو گیرا، خوشکەکانتان هاوپۆل بوون لە قوتابخانە، لەو رێگەیەوە ئاگاداری کردیەوە کە بە زووترین کات خۆت رزگار بکەی، نەوەکو لە ژێر گوشار و

ئەشکەنجەدا خۆی نەگرێ و دان بە پەیوەندیی نێوانتان بنێ!

لە لایەکی دیکەوە تۆ لە پەیمانگە تێکەڵاوی بزووتنەوەی خوێندکاران ببووی، ئیدی خەونی رۆمانسیی شۆڕشگێڕانەت دەبینی، ئاشق و مەستی ژیانی پێشمەرگە ببووی؛ داخۆ چۆن بیر دەکەنەوە.. چۆن قوربانی دەدەن.. چۆن چالاکیی دەکەن.. لە کوێ دەژین.. لە کوێ دەخەون، ماوەیەکی کەمی خایەند بە (تەزکیە)ی خوێندکاران خۆت گەیاندە ریزەکانی هێزی پێشمەرگە.

پەیتا پەیتا لە نزیکەوە هێزی پێشمەرگەت ناسی کە چۆن بیردەکەنەوە و چۆن رەفتار دەکەن، فارس گوتەنی بیستن لەگەڵ دیتن زۆر جیاوازە، بە چاوی خۆت دیتت، پێشمەرگە مرۆگەلێکی هەمەجۆر و ناڕازاییە، هەیە لە ترسی بەرەکانی جەنگی سەربازیی رووی لێرە کردووە! هەشە کێشەی ئابووریی کۆمەڵایەتیی و کێشەی حەوانەوەی هەبووە بۆیە پەنای بۆ ریزی پێشمەرگایەتی هێناوە! هەشبوو لە راستییدا شۆڕشگێڕ بوو و دەیویست ئەو رژێمە ستەمگەرە بڕوخێ و سیستەمێکی ئازد و یەکسان دابمەزرێ و مافەکانی کوردیشی تێدا مسۆگەر بێ، رۆژێکیان لە پێشمەرگەیەکی کۆنت پرسی؛ "ژیانی پێشمەرگایەتیت چۆن دێتە پێش چاو، ئەویش لە وەڵامدا گوتی:
- ئازادی.. خەمی هیچت نییە".
بەڵێ ئازادیی و سەربەستیی زۆر بە خۆش و بە چێژە، بەڵام هەستت دەکرد پێشمەرگایەتی رۆژ لە دوای رۆژ و ساڵ لە دوای ساڵ تەمەنت دەخوا، بە تایبەتیی تا پتر ئاوێتەی هەڵکشان و داکشانی بزووتنەوەکە دەبووی لە رووی ویژدانییەوە کاری تێدەکردی، چیتر ئەو زەلامە ساویلکە نەمابووی لە واتای جەنگ تێنەگەی.. هەموو هووردەکارییەکانت لێکدەدایەوە.

لە بیرتە رۆژێکیان چەکدارێکی (جەیش شەعبی)یان دیل کردبوو؛ بە رەگەز عەرەب بوو، تەمەنی ١٦ ساڵ بوو.. قاچی بریندار ببوو و خوێنی لێ دەتکا، تۆش زۆر بەزەییت پێداهاتەوە.. چوویە لای دکتورەکەتان و پێتگوت:
- ئەو زەلامە گوناهە.. بەڵکو تیماری بکەی؟

ئەویش لە وەڵامدا گوتی:

- نا.. لێیگەڕێ با بمرێ!

وەڵامەکەیت لا گران بوو، چونکە پێویستە مرۆڤ هەمیشە کانیاوێک بێ پڕ لە بەزەیی، تەنانەت لەگەڵ دوژمنیش، ژیان ئەوەندە ناهێنێ مرۆڤ تێیدا بە رق و کینەوە مامەڵە بکا!

لە ژیانی پێشمەرگایەتی و شۆڕشدا بڵاوکراوە و نامیلکە هەبوون، ئاستی هۆشیاریی و سیاسیی ئەندامانیان بەرز دەکردەوە، هاوکات گوڕوتین و وورەیان پێ دەبەخشین، تەنانەت دەیانگوت نامیلکەی شۆڕش بدەینە هەر کەس.. دوای هەفتەیەک دەبێتە پێشمەرگە، پێشمەرگەکان لە ئاخافتنی رۆژانەیاندا پەندی پێشینانیان زۆر بەکار دەهێنا و کەلکیان لێ وەردەگرت، لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی جۆتیاریی حەزی بە شیکردنەوە و درێژدادڕیی نییە.. بە پەندێکی پوخت دەیانتوانی زۆر مەبەست بپێکن، بۆ نموونە دەیانگوت (سواربوونی کەر عەیبێکە و دابەزینیش دوو عەیب!) ئەو پەندە لە کاتێکدا دەگوترا کە هەر کەسێک بوو بە پێشمەرگە نابێ خۆی رادەستی دوژمن بکاتەوە، بە واتایەکی دی نابێ وازبێنێ وێڕای سەختیی و دژواریی و برسیەتی و ترس لە مەرگ و... هتد. نابێ ریزەکانی شۆڕش چۆڵ بکرێ، بەڵام سەرەڕای ئەوەش کاتێ شەڕ گەرم دەبوو.. زۆر کەس وازیان دەهێنا و خۆیان رادەستی دوژمن دەکردەوە، جاروبار رژێم لێبووردنی دەردەکرد.. هەبوون سوودیان لەو دەرفەتانە وەردەگرت، ئەوجا ئەو کەسانەی نیازی خۆ رادەستکردنەوەیان هەبوو.. دەبووایە بە دوو سێ کەس تێیانهەڵدەن؛ یەکەم وەک بریندارکردنی یادەوەریی. دووەم تا ناوی پێشمەرگەکانی دی لای دامودەزگەکانی رژێم نەدرکێنن! لە بیرتە رۆژێکیان لە چیای کۆسرەت بە تۆیان گوت وەرە لەو زەلامە هەڵدە دەیەوێ خۆی رادەستی رژێم بکاتەوە، تۆش هەرچەند گوشارت بۆ خۆت هێنا دەستت تێنەچوو!

بیرتە هەر لە چیای کۆسرەت بەرپرسێکی سەربازییتان هەبوو بە نێوی جوتیار، زۆر ئازا و دڵفراوان بوو، تۆ ددانت دەیەشا.. کاکیلکەیەکت کلۆر ببوو.. گوتی:

- وەرە با ئازارەکەت کەم بکەمەوە.

سەرەتا ئاگرێکی کردەوە.. شیشکەی تفەنگەکەی دەرهێنا و لەسەر ئاگرەکەی دانا.. چوو قەمیشێکی هێنا و شیشکە داخبووەکەی خستە بۆشایی نێو قەمیشکە و بە شێوەیەک خستییە

نێو دەمتەوە کە سەری شیشکەکە بکەوێتە سەر دەماری ددانە کلۆرەکەت و بیسوتێنێ! بەو شێوەیە تا رادەیەک ئازارت کەم بۆوە.

رۆژانێکی سەخت و دژوار بوو؛ هەڵەبجە کیمیاباران کرابوو.. پرۆسەی ئەنفال ئەنجام درابوو، ئێوەش چیدی نەتاندەتوانی لە ناوچەکانی خۆتان بمێننەوە.. ناچار بەرەو سنوورەکان هەڵکشان، بەڵام پێش ئەوەی بگەنە سەر سنوور کەوتنە نێو ئابڵۆقەی جاش و سوپای دوژمنەوە، بۆ هەفتەیەک لە داوێنی چیای سەرکەپکان مانەوە، ئیدی ئێوە نزیکەی شەست کەس دابڕان و بەرەو چیای کۆسرەت بەڕێکەوتن، دەبووایە بە شەو ڕێگە ببڕن و بە رۆژیش خۆتان لە چاوی دوژمن حەشاردەن، بڕێک خواردنتان پێ بوو وەک شیری وشک و نانی رەق... دوای چەند رۆژێک ئەویش نەما!

ئیدی برسیەتی تەنگی پێ هەڵچنین، سەرەڕای ئەوەش کەوتنە بەر هێرشی کۆپتەرەکانی رژێم، دوا نێوەرۆیەک بوو سێ پێشمەرگەتان شەهید بوو! تا رۆژێکیان لە بەر هەژمونی برسیەتی جوانووە ماینێکتان سەربڕی، هەرچەند تۆ بێزت لە گۆشتەکەی دەبۆوە، بەڵام هەندێ لە هاوڕێکانت گۆشتەکەیان بە جوانیی دەبرژاند و زۆر بە چێژەوە دەیانخوارد! بە هۆی برسیەتی و نەبوونی چارەنووسێکی روون بیرتان لەوە کردەوە ڕێکخراوەکانی نێوخۆ ئاگادار بکەنەوە تا لەو کاتەدا بەهاناتانەوە بێن!

سەرلقەکەتان کە دواتر بە کێشەیەکی ئاڵۆز شەهید کرا گوتی:
- ئێستا پێویستم بە دوو پێشمەرگەیە تا ئەرکێکمان بۆ راپەڕێنن؛ یەکێکیان شارەزایەکی ناوچەکە بێ و ئەوەکەی دیکەشیان بەڵگەیەکی رژێمی پێ بێ و نەیەتە گرتن.
ئەوەی یەکەم لالە حەمەیان هەڵبژارد وەک شارەزایەکی ناوچەکە و دووەمیش تۆیان هەڵبژارد وەک هەڵگری ناسنامەی زانکۆ کە پێشوەخت دروستت کردبوو بۆ کاتێ تەنگانە! لە رێگەی ئەو بەڵگەیەوە دەتتوانی کەسایەتی خۆت بگۆڕی، دەمژمێر سێی ئێوارە بوو.. ریشت تاشی و خۆت خاوێن و باوێن کردەوە و بە چەک و تاخمەوە وەڕێکەوتن.

بە لالە حەمەت گوت:

- ڕێگەکەمان چەند دەخایەنێ تا دەگەینە ئاوەدانیی؟

ئەویش لە وەڵامدا گوتی:

- ڕەنگە شەش دەمژمێر بخایەنێ.

تۆش وەک لایەنە بایۆلۆژییەکە خۆت قورمیش کرد کە بەرگەی شەش دەمژمێری ڕێڕۆیشتن بگری، بەسکی برسی دوای لالە حەمە کەوتی، تا دەهات دونیا تاریکتر دەبوو، لالە حەمە تەمەنی نزیکەی ٥٥ ساڵ دەبوو.. پیاوێکی ریش سپی و تێکسمڕاو، تۆش گەنجێکی بیست و حەوت ساڵە.. تا ڕادەیەک لەڕولاواز، ئەو دەمە پێتوابوو لەگەڵ هاوڕێیەکی بە ئەزموون دای.. هەموو چارەنووسی خۆت دابووە دەستی.. بە کورتیی لە ژێر فەرمانی وی بووی، ئەو ڕێگەیەی پێیدا دەڕۆیشتن نامۆ بوو بە تۆ.. یەکەم جار بوو پێیدا تێبپەڕی، دەبووایە پێش ڕۆژهەڵاتن بگەنە کەپرێکی ماڵە جۆتیارێک کە دۆستی لالە حەمە بوو، بەڵام لە بەر زۆریی بنە گوڵەبەڕۆژە و شینایی ڕێگەکەتان لێ ونببوو، تا دەهات تاریکتر دادەهات، ئیدی بە یەکجارەکیی کەوتنە نێو کێڵگەی گوڵەبەڕۆژەوە.. کێڵگەیەکی پان و بەرین.. بنە گوڵەبەڕۆژەی سەر زل سەر زل.. لە ژیانی خۆتدا شتی وات نەدیتبوو.. وات هەست دەکرد لە نێو جەنگەڵێکی بێ سنوور دای، نەتدەزانی لالە حەمە بۆ ڕێگەی لێ بزر بووە.. ئاخۆ لە ترسی بۆسەی دوژمن بوو بە تووڵەڕێیەکاندا نەدەڕۆیشت یان بۆ نەگبەتیی تۆ بوو دەبووایە تووشی ئەو چارەنووسە بن!؟ دەبووایە لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا دوو سەلکە گوڵەبەڕۆژە لادەی.. ئەوە وای لێ دەکردی کە بە دەست و قاچ ماندوو بی، دەمنادەم ڕووی پرسیارت ئاراستەی لالە حەمە دەکرد کە بۆچی لە کەپرێکی دیکە لا نەدەن؟ ئەویش دەیگوت:

- نابێ هاورێ.. لەوانەیە جێی گومان بن و دوژمنمان لێ ئاگادار بکەنەوە!

لەو کاتانەدا ڕقت لە لالە حەمە هەڵدەگرت لەبەرئەوەی مرۆڤێکی وریا نییە، دەرد و مەینەتییت زۆر چێشت لە نێوچاوانی ئەوەوە، هاوکات بە پێی ئەو پەروەردەیەی کە کرابووی نەدەبووا لە هاورێ خۆت یاخی ببی، یاخیبوون لە هاوڕێ بە واتای ناپاکیی دێ!

تۆ لە ڕۆژگاری پێشمەرگایەتیدا ئەوەندە بیرت لە شەهیدبوون - وەک دوا لووتکەی هەڵویست - دەکردەوە بیرت لە هیچ شتێکی دیکە نەدەکردەوە، پێت سەیر بوو هەندێ کەس بە سەرشۆڕیی خۆیان ڕادەستی ڕژێم دەکردەوە یان هەندێ کەس هەڤاڵ و هاوڕێیەکانی

خۆیان یا هی لایەنێکی دیکە شەهید دەکەن و لە بەرانبەردا پارە و پووڵ لە رژێم وەردەگرن!

تۆ هەمیشە چاوت لە هاورێیە دڵسۆزەکان بوو.. بەهرەت لەوانەوە وەردەگرت.. بە برا و خوشکی خۆت دەزانین، لالە حەمەش یەکێ بوو لەو هاورێیە دڵسۆزانە بەڵام دڵسۆزیی هەموو شتێ نییە.. دەبێ لە پاڵ دڵسۆزییدا زیرەکیی و وریایی و ئازایەتی و دەسترەنگینیی هەبێ، ئەرێ.. بەو شەوە ململانێت لەگەڵ سەلکە گوڵەبەڕۆژە و برسیەتی و ماندوویتی دەکرد، چەند جار داوات لە لالە حەمە کرد پشوویەک بدەن.. بەڵام لالە حەمە دەیگوت رۆژمان بەسەردا دێ و ئاشکرا دەبین، جاروبار لە گوڵەبەڕۆژەکان ئازاد دەبوون و دەکەوتنە سەر تووڵەرێیەکان، گڵۆپەکانی شارت لێوە دیار بوو، بە شاری چل چرا دەهاتە پێش چاوانت، لە ناخەوە خۆزگەت بەو خەڵکە دەخواست کە بە سکی تێر و لە جێی گەرم و نەرم و لەبەر رۆناکیی کارەبا و لە نێو ئەو ژوور و ماڵانەیان ژیان وەسەر دەبەن، بەڵام پرانسیپەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی لەوە بەهێزتر بوون دەرفەت بدەن دابڕووخێی و ملکەچی ئەو تەرزە ژیانە ببی!

چەندین جار لالە حەمە دەیگوت ها ئەوە گەیشتین کەچی وانەبوو و رێگەی لێ تێکچوو بوو.. دەیگوت:

- لەوە دەترسم رۆژمان وەسەر دابێ و ماڵەکە نەدۆزینەوە و ئاشکرا ببین.

بە لایانەوە سەیر دەبێ دوو چەکدار ببینن لە نێو ئەو دەم ئاو و شینایییەی نزیک شار بە بێ مەبەست ملی رێیان گرتووە! بە هەر شێوەیەک هەبوو دەمژمێر پێنجی سپێدە گەیشتنە کەپرەکە، - دوستی نزیکی لالە حەمە بوو - نان و چاتان خوارد، تفەنگ و تاخمەکەت دانا، ئەو نامەیەی پێت درابوو لە شوێنکی باخەڵت تەقەتت کرد، بە شوێن زەلامێکی چاوساغدا کەوتیە رێ، ئەو گوتی با نزیکەی ٢٠٠ مەترێک نێوانمان بێ.. نەوەک بگیرێین.. بەڵام چاک بوو بە بێ هیچ کێشە و گرفتێک نامەکەتان گەیاندە شوێنی مەبەست و بۆ ماڵی هاورێیەکی خۆتان گەڕایەوە.. لەوێ نانت خوارد و خۆت شووشت، تۆزێ هاتیەوە سەرەخۆ، دواتر زانیت لالە حەمە خاوەن حەوت سەر خێزانە.. کچە گەورەکەی دوای سێ مانگ لە هاوسەریی تەلاق دراوە.. تەنانەت کوڕێکی بچکۆلانەشی هەیە کە هەر لە زگماکییەوە دڵی

کون بووە، ئەریٚ.. ئەوەی ئەو گرفتانەی هەبیٚ هەمیشە پیٚوەی دەنالیٚنیٚ بۆیە ئاساییە بۆ کەسانیٚکی وا ریٚگەیان لیٚ بزر بیٚ!

تۆش بەختت لە لالە حەمە باشتر نەبوو، کۆمەلیٚ برا و خوشکت بەجیٚهیٚشتبوو، خوشکە گەورەکەت بیٚوەژن بوو و میٚردەکەی لە شەڕی ئیٚران و ئیٚراق کوژرابوو و ئیٚستاش بە تەنیا ژیانی سەخت دەگوزەریٚنیٚ!

ئەگەر لە بەخت و چارەنووس بدویٚین تۆ هەرگیز بەختت یار نەبووە، لە بیرت دیٚ سیٚ سالٚ لەمەوبەر کە کەوتنە نیٚو بۆسەیەکی جاشانەوە و بە ریٚکەوت رزگار بووی؛ لەگەلٚ دەستەیەک لە هاوڕیٚیانت دەتانویست لە ریٚگەی نیٚوان تەلان و قەمچووغە بپەڕنەوە.. کەوتنە نیٚو بۆسەیەکی چڕەوە.. سەرەتا بە دەستریٚژ گوللەباران کران.. تەنانەت (ئارپیٚچی)یشیان پیٚوەنان، ویٚرای ئەوەش ئەنگۆ هەر پەڕینەوە بەلاٚم تۆ و هاوریٚیەکت لە بن (رەبیە)کە بەجیٚمان.. گویٚتان لە فیکەی جاشەکان بوو تەنانەت گویٚتان لە ورتەورتیشیان بوو.. نەیاندەویٚرا نزیکی ئەو شویٚنە بکەونەوە کە ئەنگۆی لیٚبوو.. نەیاندەزانی ئیٚوە کوژراون یان بریندار، لە راستییدا تۆ چاوەریٚی فەرمانیٚکی هاوڕیٚکەت بووی کە چ ئاراستەیەکدا بڕۆن، خۆ ئیٚوە بۆ (رەبیە)گرتن نەچووبوون.. نیازتان ئەوە بوو لە ریٚگەکە بپەڕنەوە بەلاٚم کاتیٚ دەستریٚژ کرا تۆ خۆت تەختی زەوییەکە کرد، مەترسی مەرگ زۆر نزیک ببۆوە.. بۆیە میٚژووی ژیانت وەک کاسیٚتیٚکی سینەمایی وەسەر پەردەی میٚشکتدا تیٚپەڕی، لەو دۆخە سەخت و دژوارەدا گوجیلە سەگەکانی (رەبیە)کە بۆ لای ئیٚوە هاتە خوارەوە و ویستیان بۆنتان پیٚوە بکەن! هەر کە هاوریٚیەکەت پیٚلەقەیەکی لە یەکیٚکیان سرەواند و لە قڕووسکەی دا دەستریٚژیٚکی دیکەیان لیٚکردن، ئا لەو دەمەدا هاوریٚیەکەت گەیشتە سەرت و دەستی بۆ دریٚژ کردی و گوتی برینداری؟ تۆش یەکسەر راست بوویەوە و بە دووقولیٚی بەرەو گوندی تەلان - ئەو گوندەی کە لیٚیەوە هاتبوون - کشانەوە، بەو شەوە بە مەبەستی پەیداکردنی ریٚبەریٚک لە دەرگەی چەند مالیٚکتان دا.. گوتیان:

- دەنگی تەقە زۆربوو.. دەمانزانی کەوتوونەتە نیٚو بۆسەوە.. بڕۆنە مالٚی فلاٚنە کەس.. زەلامیان هەیە شارەزایی لە هەموو ریٚیەکان هەیە و دەتانپەڕیٚننەوە.

ئیٚوەش خۆتان گەیاندە ئەو مالٚە کە گوتیان، کوڕیٚکی سی سالٚە بوو و گوتی:

- دەتانپەڕێنمەوە بە مەرجێ دە دینارم بدەنێ. (دە دیناری ساڵی ١٩٨٥).

ئێوەش هەر یەکەو پێنج دینارتان دایێ، بە ڕێگەیەکی دیکە و دوور لە شوێنی بۆسەکە ئێوەی پەڕاندەوە، کاتێ گەیشتنە گوندی قەمچووغە هاوڕێیەکانتان لە مزگەوت بوون، زۆر پێیان سەیر بوو کە ئێوە لەبەردەستی ئەو جاشانە ڕزگار بوونە، بەڵام کێشەیەک لەو بەسەرهاتە کە ڕوویدابوو ئەوەبوو پێشمەرگەیەک جەمەدانیەکەی لێ بەجێمابوو، هەندێ بەهای مرۆیی و ئازایەتی هەبوو دەبووایە لەو سەردەمە پەیڕەو بکرێن، لە ڕاستییدا ورەبەرزیی و ئازایەتی وەک بەخۆنازین و لەخۆڕادیتن کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوو لەو سەردەمدا!

## - خانەی سێیەم -

تۆ ئێستا لە هەندەران ژیان وەسەر دەبەی.. ژیانی هەندەرانیش وەکو تەورێکی دوو دەم وایە.. لە لایەکەوە خۆشە و لە لایەکی دیکەش ناخۆش؛ خۆشییەکەی ئەوەیە هەمیشە ئاوی خاوێن و کارەبای بەردەوامی هەیە.. ئەگەر پێویستت بە خواردن بێ ئەوە (سوپەر مارکێت)ی نزیکی لێیە.. شوێنی سەیران و باغ و قاوەخانە و چێشتخانەی جۆراوجۆری لێیە، بەڵام لایەنە ناخۆشییەکەی ئەوەیە کە دووری لە کەسوکار و ئاشنا و و دۆستان.. نامۆبوون وەک مۆتەکەی سەر سینگ بۆ هەمیشە هەناسەسوارت دەکا! تۆ لە هەندەران ناتوانی وەک پێویست هاوڕێ و هاودەم پەیدا بکەی، لە راستییدا هەندەران بۆ ئەوانە باشە کە بە منداڵیی لێی لە دایک دەبن یاخود لە تەمەنێکی بچووکەوەڕا لێی ژیاون، تۆ لە پۆڵی یەکی سەرەتاییدا هەستت بە نامۆبوون دەکرد.. کاتێ دەمژمێر دەبووە دە بیری ماڵەوە و دایکت دەکرد.. برا گەورەکەت زۆر خۆشدەویست.. کاتێ لە قوتابخانەی ناوەندییدا بوون زۆر ئەستەم یەکترتان دەبینی، لەبەرئەوەی ئەوان دانی ئێواران لە قوتابخانە بوون و ئێوەش دانی سبەینان.. دوای سێ رۆژ بە پێچەوانە دەبۆوە، خۆزگەت دەخواست زوو پێنجشەم و هەینی دابێ تا تۆزێ بۆنی پێوە بکەی و بە ئارەزووی خۆت قسەی لەگەڵ بکەی.. بەڵام وەک ئەوەی تۆ هۆگری ئەو بووی ئەو وانەبوو.. ئەو پتر سەربەخۆ بوو.. کەچی تۆ پاشکۆی دایک و باوکت بووی، ئەو پاشکۆیەتییەشت کاریگەریی خۆی لەسەرت داناوە بۆیە ئێستاش ناتوانی بە تەنیا بچی بۆ سەیران یان شوێنێکی قەرەباڵغ یاخود قاوەخانە و باڕ و... هتد! دەبێ هەمیشە یەکێ لە هاوڕێیە تاک و تەراکانت تەلەفونێکت بۆ بکا.. ئەوجا تۆش وەک هەر پاشکۆیەکی ملکەچ لەگەڵی دەربچی، دەچن بۆ قاوەخانە و پیاسە و سەیرکردنی خەڵک و دەگەڕێنەوە، ماوەیەک پێش ئێستا دەچووی بۆ پەرتووکخانە.. پەرتووک و فیلمت دەخواستنەوە، دوای ماوەیەک لەوەش بێزار بووی، ئێستا لە ماڵەوە ئینتەرنێتت هەیە و سەیری رۆژنامە و شتە سەیر و سەمەرەکانی سەراسەری ئەو گەردوونە دەکەی!

تۆ لە سەرەتای تەمەنت زۆر خێرا و بە پەلە بە پیری ژیانەوە دەچووی، پێتوابوو کلیلی دەرگەکانی ئایندە هەمووی لە گیرفانی تۆ دایە، بەڵام ساڵ لە دوای ساڵ دەرکەوت وا نییە

و تۆ زۆر لە پەراوێز دای و تەنیا ڕۆڵی کۆمبارس دەگێڕی، تۆ بوویە قوربانی ناکۆکیی و کێشمەکێشی سیاسیی و حیزبیی گەورەکان.. ویستت ڕەگی گرفتەکان لە بنڕا دەربێنی.. کەچی هەر زوو پەنجەکانت زووخاوی لێ دەتکا.. ڕەگەکانیش لە بن زەوی مانەوە و بە تۆ و نموونەی وەک تۆ دەرنەهاتن و دەرنایەن! تۆ لە کاروان دواکەوتی.. هەر لە سەرەتاوە خۆت ساغ نەکردبۆوە لەگەڵ چ حیزب و هێڵ و ڕەوتێک کار بکەی، وەک هەر میوانێکی ناوەخت پەیوەست بووی بە حیزبێکەوە.. بەڵام دەرکەوت ئەو حیزبە خەونەکانی تۆی تێدا نییە.. تەنیا بۆ خۆیان ئیش دەکەن نەک جەماوەری زەحمەتکێش.. پرۆسەی خەباتیشیان تەنیا خەڵک بە کوشت دانە و هیچی دیکە، لە گرتنی (ڕەبیە)یەکەوە بۆ گرتنی یەکێکی دیکە، دەرکەوت ئەو چالاکییانە جگە لە ئافەریدەکردنی گومانێکی مانەویی شتێکی دیکە نییە!

پاش ئەوەی هێزەکان کەوتنە سەر سنووری ئێران ئەو ڕاستییە تاڵانەت پتر بۆ دەرکەوتن.. ڕۆژێک یەکێ لە پێشمەرگەکان کە لە کاتی گرتنی (ڕەبیە)یەک گوللەیەک سینگی پێکا بوو و بە ڕێکەوت نەمردبوو.. گوتی:

- وامانئەزانی سەدام لە نێو (ڕەبیە) دایە!

مردن لە شەڕدا زۆر خۆشترە لە بریندار بوون و کەمئەندامبوون چونکە ئەو مردنە چرکەیەکە و کۆتایی پێ دێ؛ سەرکەوتە ڕەش، پێشمەرگەیەکی ئازا و دێرین بوو.. کاتێ لەسەر ڕێگەی نێوان کۆیێ و تەقتەق بۆسەیەک دادەنێتەوە.. گوللەیەک بەر سەری دەکەوێ و تووشی لەدەستدانی (زاکیرە) دەبێ.. ئیدی جارێکی دیکە نەیتوانی قسە بکاتەوە و باسی خەم و خەفەتەکانی خۆی بکا.. تەنیا بە ئاماژە دەیگوت چەک خراپە.. چەک وای لێکردم! سەرکەوت لە بنەماڵەیەکی هەژاری دەشتی کۆیێ بوو، برایەکی لە ساڵی ١٩٨٢ بە دەستی هێزەکانی نێوخۆ بە دیل گیرابوو و شەهید کرابوو! (شێرزاد)ی براگەورەشی کە خولی ئەفسەریی لە وڵاتی یەمەن تەواوکردبوو.. لە کاتی ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ لە نێو شاری کەرکووک لەگەڵ چوار پێشمەرگەی دیکەدا شەهید بوون.

ئەوە جیهانی پێشمەرگایەتییە؛ بۆ هەندێ کەس دەبێتە خێر و ناوبانگ و پارە پەیداکردن و تەلار سازکردن.. بۆ هەندێکی دیکەش دەبێتە نەخۆشیی و ناخۆشیی و ژەهرەمار و زەقنەبووت! تێکڕای بنەماڵەیەک لەنێودەچن بە بێ ئەوەی لە کوولەکەی تەڕیش ناویان

بهێنن! ئەگەر دەتزانی پێشمەرگایەتی وایە نە لە دوور نە لە نزیک تخونی نەدەکەوتی، بەڵام چی بکەی لەگەڵ مرۆڤی سەرەڕۆ و لاسار دەیەوێ هەموو کون و قوژبنەکانی ژیان تاقی بکاتەوە و جاروبارێکیش یاری بە ئاگر بکا.. لەگەڵ ئەوەی ئاگرەکە دەستیشی دەسووتێنێ کەچی هەر ئەزموون وەرناگرێ و فێر نابێ.. ئەو مەترسییە دەشێ بۆ جاری دووەم و سێیەمیش هەمان کێشە دووبارە و سێبارە بکاتەوە، وەک ئەو زەلامەی مینێکی دۆزیبۆوە؛ پێیان گوتبوو نەچیتە سەری دەتەقێ.. ئەویش لە وەڵامدا گوتبووی دەچمە سەری با بزانم دەتەقێ! سەرئەنجام هەپڕوون بە هەپڕوونی کردبوو.

شۆڕشیش وەک دەریایەکی قووڵە.. دەبێ تێیدا لە باسکەمەلە بدەی.. ئەگەر ماندوو بووی و نەتتوانی بەردەوام بی لە مەلە ئەوە کەس فریات ناکەوێ و دەخنکێی، دەستەی سەرکردایەتی لەسەر پاپۆڕی نێو دەریایەکە پاڵیان لێ داوەتەوە و پلان دادەڕێژن - پلان بۆ مەلەوانەکانی نێو دەریاکە - جاروباریش لەگەڵ پاپۆڕێکی دیکەدا دەکەونە جەنگەوە.. خۆیان لە سەرەوە سەیر دەکەن و تەنیا مەلەوانەکان بە شەڕ دەدەن تا ئاوەکە ڕەنگی خوێن دەگرێ.. کەچی لە دوا چرکەکانی جەنگ سازش دەکەن!

تۆ ڕقت لەو هەنگاوانە دەبۆوە.. پێتوابوو کایەیەکی پووچ و بێهوودە و بێ ڕەوشتییە! بەڵام دەسەڵاتیشت نەبوو دەبووایە ببی بە داشی دامەی ئەو کایەیە، سەیر لەوەدا بوو کوڕی سەرکردەکان وەک کوڕە ئاغا ڕەفتاریان دەکرد.. سەرکردەکانیش وەک سوپەرمانەکەی نیتشە لای ئەوان خوا مرد بوو.. پەیڕەوی فەلسەفەکەی ئەبیقوریان دەکرد و دوای حەز و ئارەزووەکانی ژیان کەوتبوون.

تۆ هەر لە سەرەتاوە هەست و خولیایەکی نەرێنییت هەبوو بەڵام ناچاریی پاڵی پێوە دەنای تێکەڵاوی دیاردەکان ببی.. کاتێ تێکەڵاوی ڕووداوەکانیش دەبووی بە چاوێکی ڕەخنەگرانە دەتڕوانیە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی خەڵکەکە، سارتەر دەڵێ: "مرۆڤ بە ڕێکەوت لە دایک دەبێ، بە ناچاریش دەژێ، بە پێی پێویستیش دەمرێ"!

تۆ و هەندەران نامۆن بە یەک.. تەنانەت لە رووی ئاو و هەواشەوە نامۆن بە یەک، ئەو هەندەرانەی تۆ ژیانتی لێ دەگوزەرێنی زستانێکی قورسی هەیە.. شەش حەوت مانگ بەفرە.. هەر دەڵێی زەوی تارای سپیی بووکێنیی پۆشیوە.. بەهارێکی کورت و هاوینێکی باراناویی هەیە.. پایزەکەشی هەر زوو زەنگی هاتنی زستانێکی تووش لێدەدا، خەڵکی ئەو ناوچانە لەگەڵ بەفر راهاتوون بگرە یارییشی لەسەر دەکەن.. چەندین جۆری وەرزش هەیە لەسەر بەفر ئەنجام دەدرێن.. هەر لە منداڵییەوە خووی پێوە دەگرن، زۆربەیان حەزیان بە گەڕان و دەرچوونە.. تۆش لەوانەوە فێربووی هەر رۆژەی دەمژمێرێک بۆ گەڕان دەربچی.. هەرچەندە کەمە بەڵام باشە بۆ جوولانی خوێن و جەستە! تەنانەت لە رووی دەروونییشەوە باشە.. مێشک پشوو دەدا بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ بە شێوەیەکی باش هەڵسووڕێ، بەڵام هەر زوو نامۆیی تاراوگە تەنگت پێ هەڵدەچنێ و بێزار دەبی.. ئەویش بە هۆی ئەو دیوارە سایکۆلۆژییەیە کە دروستی دەکەن.. بە واتایەکی دیکە لە ١٠٪ی خەڵکی ئەو وڵاتانە راسیست و نازیستن.. وەک بلقی ئاوێکی لێڵ جاروبار و لێرە و لەوێ خۆیان دەردەخەن.. بە چاوێکی نزم سەیری خەڵکی لایدە دەکەن تەنانەت ئەگەر بۆیان بکرێ بە ئاشکرا شاربەدەرتان دەکەن، لەو هەندەرانەدا پەیوەندیی نێوان خەڵک کورتخایەنە و زۆر ئەستەمە لە چاکوچۆنیی تێپەڕ بکا.. لە رووە کۆمەڵایەتییەکەوە کەس خۆی بە خاوەنی هەمیشەیی تۆ نازانێ، ئەوانەی لەگەڵتدا ئیش دەکەن هێندێکیان بە ناچاریی چاکوخۆشییت لەگەڵ دەکەن.. ئەگینا سەردان و هاموشۆکردنی یەک و مێوانداریی تەنیا لە نێوان خۆیاندا هەیە، ئەو مەسەلانە بە شێوەیەک گرێی دەروونیی دروست دەکەن کە تۆ بەشێک نیت لەوان و ئەوانیش بەشێک نین لە تۆ!

جگە لەوەش ئەوەی منداڵی هەبێ لە هەندەران قوڕەکە خەستترە بە تایبەتییش ئەو دایک و باوکانەی بۆ ئایندەی منداڵەکانیان دوور دەڕوانن بە تایبەتییتریش ئەگەر کچیان هەبێ! سیستەمی پەروەردە لە هەندەران زۆر روون و بێ پەردەیە.. هەموو شتێ بە ئاشکرایی بۆ

منداڵ باس دەکەن.. بۆ نموونە یەکێ لەو باوکانەی کە دوو کچی هەیە و یەکێکیان پێنج ساڵانە ئەوی دیکەشیان حەوت ساڵانە؛ ڕۆژێکیان گوتی:

- هەر لە ئێستاوە خەم لە ئایندە و چارەنووسی کچەکانم دەخۆم، بە پێی یاسا لێرە لە شازدە ساڵیی دەبێ کراوە بن - بە واتایەکی دی پەردەی کچێنییان کون کرابێ.. ئەوەش قەیدی ناکا.. بەڵام هەر ڕۆژەو کوڕێک بهێنێتەوە زۆر ناخۆشە، لە لایەکی دیکەشەوە ئافرەت لەو تەمەنەدا پێی خۆشە ئازاد بێ و بە خواستی دڵی خۆی سێکس بکا تا ڕادەی تێربوون!

ئەو گێڕانەوانە بە قسە خۆشن بەڵام لە واقیعدا چەندین گرفتی دەروونیی و ئازاری جەستەیی و تەنانەت کوشتنیشیان لێ دەکەوێتەوە.

تۆ چاکت لە بیرە کاتێ لە کەمپ بوون گەنجێکی خورت ڕووداوێکی بۆت گێڕایەوە.. ڕووداوێکی ڕاستەقینە و بە بێ دەستکاریی و دوور لە هەڵبەستن.. گوتی:

- ئێوارەیەکی ڕۆژی هەینی کە کاتێکی تایبەتە لای ئەوروپاییەکان - لەبەرئەوەی کۆتایی هەفتەیە ئەوان بە (ویکێند) ناوی دەبەن - لەو ئێوارەیەدا دەست بە مەیخواردنەوە دەکەن و هەر یەکە و بە ئارەزووی خۆی جۆرێک لە مەی (بیرە.. وێسکی.. ئارەق.. ڤۆدگا.. شامپانیا...) دەخواتەوە، لەو ڕێگەیەوە پشوو دەدەن و ماندووبوونی هەفتەکە لە بیر خۆیان دەبەنەوە، جاروباریش نەوجەوانان پێش تەمەنی یاسایی لاسایی گەورەکان دەکەنەوە و دەخۆنەوە - بە پێی یاسا ئەوانەی لە خوار تەمەنی هەژدە ساڵان دان بۆیان نییە بخۆنەوە و قەدەغەیە! بەڵام هەیە ئەو سنوورە دەبەزێنێ -، نزیکەی دەمژمێر دەی شەو بوو لە ژوورەکەی خۆم بە تەنیا سەیری تەلەفزیۆنم دەکرد، بە ڕێکەوت لە دەرگەکەم درا.. کە دەرگەم کردەوە کچێکی جوانی تازە پێگەیشتوو بوو.. خۆی وەک سەرخۆش پیشان دەدا بەڵام سەرخۆش نەبوو و ئاگای لە خۆی بوو و زۆر وریاش دیار بوو.. بە بێ فەرموو وەژوور کەوت.. منیش لە ناوەوڕا دەرگەکەم قوفڵ دا.. خۆی گەیاندە سەر کورسییەک، لە ژیانمدا هەرگیز لە بەرانبەر ژنان وا ئازا و چاونەترس نەبوومە! دەستێکم بۆ ڕوومەتی برد.. یەکسەر جلەکانی لەبەر خۆی داکەند و چووە سەر قەنەفەکە.. جەستەیەکی پاک و خاوێن و لووسی هەبوو.. دەمم بۆ داوێنێ برد و دەستم بە مژینی کرد.. ئیدی وای لێهات پەیتا پەیتا خۆشاوی بێتەوە.. لە خۆشییان هاوکات لەگەڵ ناڵەناڵ و هاوارکردن بە ئەندازەی نێو مەترێک لەسەر قەنەفەک هەڵبەز و دابەزی دەکرد، منیش دەمم بۆ مەمکە توند و خڕەکانی

و بۆ روومەت و دەمی برد بەڵام نەیهێشت ماچی نێو دەمی بکەم.. لەو کەینوبەینەدا بوو کێرم قیت بۆوە و وەک داری لێیهات.. کە تێمخست خۆی کێشایەوە و پێیگوتم تۆ دڵت هەیە؟! بە نیوەچڵیی ئاوم هاتەوە.. کەچی ئەو دەرپێکەمی هێنایە خوارەوە تا بۆم بمژێ بەڵام من نەمهێشت! ئەوەندە بە پەلەپەل بوو قەمسەڵەکەی جێهێشت.. دواتر کە زانیم لە کوێ نیشتەجێیە قەمسەڵەکەیم خستە ناو عەلاگەیەکەوە و دامە هاورێیەکانی، ئەو شەوە خۆشترین شەوی ژیانی من بوو.. پێمگوت هەموو شەوێ وەرەوە کەچی تەنیا جارێک لە رێگەی قوتابخانە بینیمەوە.. بە شەرمەوە چاکوچۆنییمان لە یەک کرد!

ئەوەش هەندەران! دەیان و سەدان چیرۆکی وای تێدایە بەڵام ئەنجامەکەی قورسە، گریمان تۆ چەند دەمژمێرێک یا چەند رۆژێک یا چەند مانگێک یا چەندساڵێک بەو شێوەیە بەرێی دەکەی کەچی ئاکامەکەی تەنیا ناکامییە!

مرۆڤی لای خۆمان هەمیشە بیری لای سەقامگیربوونە.. سەقامگیربوون لەگەڵ ئافرەتێکی لای خۆمان، بەڵام ژیانی پێشمەرگایەتی و ئاوارەیی و پەراگەندەیی و دەربەدەریی نەیهێشت.. رێگەی نەدای تۆ وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی قوناغەکانی تەمەن ببڕی.. بۆیە لە کاروان دواکەوتی، هەر تۆ نی.. رەنگە دەیان و سەدان کەسی وەک تۆ هەبێ.. ئەوە برا گەورەکەت دوو ساڵ لە خۆت گەورەترە کەچی ژنی نەهێناوە و ماڵی خۆی پێک نەهێناوە.

بۆیە هەموو شەوێ خەونی قورس قورس دەبینی.. خەونەکان کابووس ئاسا تەنگەتاوت دەکەن، شەوێکیان خەونت بینی کە هەردوو قاچت براوە! شەوێکی دیکە زەوی قڵێشابوو.. گوتیان ئەوە کۆتایی ژیانە.. تۆش لەو ساتەوەختە بیرت لە کەسوکارت دەکردەوە و لە دڵی خۆتدا گوتت بۆ جارێکی دیکە نایانبینمەوە! زۆربەی خەونەکانت ژیانی رابردووت وێنا دەکەن.. لە کاتێکدا رابردووت هیچ چێژ و خۆشییەکی تێدا نەبوو بۆ تۆ.. هەمووی هەر راکەراک و بگرە و بکوژە بوو.

ئێستاش لێرە گوایە لە وێستگەی حەوانەوەی.. کەچی ئەژدیهاکەکانی رابردوو پەلامارت دەدەن، لە کاتی ئاگاییت (فلاشباک)ەکەت بەردەوام شتت وەبیر دێنێتەوە.. وەک ئەوەیە

بیست و چوار دەمژمێر لە دادگە دانیشتبی؛ بۆچی لە فلانە شوێن ئەوهات گوت؟ بۆچی لە فیسارە شوێن ئەوها رەفتارت کرد؟ ... هتد.

لە کاتێکدا لە هەندەران هاوزای تۆ دەستی لە دوو ژن بەرداوە، زەلامێکت ناسی بە ناوی (هەوگە)؛ کچە گەورەکەی بیست و پێنج سالانە و دوو کوڕیشی هەیە.. یەکێکیان تەمەنی سێزدەیە و ئەوی دیکەشیان یازدەیە.. کچەکە لە ژنێکە و دوو کوڕەکەش لە ژنێکی دیکە، کابرا کاتێ باسی لە سەرگوزەشتەی خۆی دەکرد وەک ئەوەی نە بای دیبێ نە باران! گوتی:
- وازم لە هەردووکیان هێناوە.. بەلام پەیوەندیی باشم لە تەکیاندا هەیە.. لە کاتی جەژنی لەدایکبوونی منداڵەکان یەکدی دەبینین.
ژمارە تەلەفۆنی یەکدیان پاراستووە و لە کاتی پێویست بە کەلک یەک دێن، ئەوان وەک ئێمە کینە لە دڵ نین کە ئەگەر پیاوێک دەست لە ژنەکەی بەربدا پەیوەندییان کۆتایی پێ بێ تەنانەت بنەماڵەی هەردوو لا قسە لەگەڵ یەک نەکەن و بەشێ لە ناسیاو و ئاشنایەکانی هەردوو لاش هەڵویست لە یەک وەبگرن! هیوادارم وەدوای ئەو وەلامەدا نەگەرێن کە کامیان باشە.. منیش خۆم وەلامم پێ نییە، ئەوە دوو واقیعە و مێژوویەکی دێرینی هەیە چ لای ئێمە چ لای ئەوان، ئەمن لەگەڵ ئەو کەسە دۆنەدیوە بە ناو پێشڤەرۆیانەدا نیم کە چەند ساڵێکە هاتوونەتە ئەوروپا دەیانەوێ لە پرێک و بە چەقەنەیەک ئەزموونی ئەوروپا لە ولاتانی رۆژهەلات کۆپی بکەن! هەروا لەگەڵ ئەو خێزانانەشدا نیم کە دەیانەوێ لە نێوی جەرگەی ئەوروپادا یاسا و رێسایەکانی (شەریعەت) وەسەر خۆیان و دەوروبەرەکەیاندا بسەپێنن! تۆ بڕوات بە تێکهەڵچوونی هارمۆنیی مێژووکردە کە شوناسەکان یەکودوو بخوێننەوە و سەرئەنجام مۆزاییکێکی شێواوی لێ دەرنەچێ!

سەبارەت بە تۆ.. حەزت لە پێچوپەنا و ئافرەت گۆڕین نییە لەبەرئەوەی ئافرەت وەک مریشکی پەڕوباڵکراوە و خاڵی لاوازی زۆرە.. بۆ نموونە؛ مانگێ جارێ خوێنی لەبەر دەڕوا.. خەمۆکیی دایدەگرێ و بێزار و داهێزراو دەبێ! رۆژاواییەکان پێ دەڵێن باجی ژنبوون! کاتێ منداڵی دەبێ تێکرای جەستەی لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوە و ئازارێکی زۆری دەبێ! هەموو کاتێ ترسی ئەوەی لە ناخ دایە کە لەوانەیە مێردەکەی دەستی لێ هەڵگرێ! دەبێ هەر چەند رۆژ جارێک برۆ و مووی روو و سەرلەبەری جەستەی خۆی هەڵگرێ، بۆیە تۆ لەگەڵ

ئەو کەسانە نی کە گەشتی کورتی هاوسەریی لەگەڵ ئافرەت دەکەن و پاشان بە سووک و سانیی لێیان جودادەبنەوە.

لای خۆمان ژن و مێرد ئەگەر منداڵ کەوتە نێوانیان دەبێژن ئیدی دەست لەیەک بەرنادەن، بەڵام لە هەندەران.. لەبەرئەوەی مافی ئابووریی و کۆمەڵایەتی بۆ هەردوو لا دابین کراوە بە ئاسانیی یەکتر جێدەهێڵن تەنانەت ئەگەر منداڵیش لە نێوانیاندا هەبێ. مرۆڤی ئەوروپایی چ ژن چ پیاو حەزی لە گۆڕینی ژیانە.. نایانەوێ تا سەر ژیانیان لەسەر یەک ریتم بڕوا بەڵکە دەیانەوێ دیاردەکان و کەسەکان و چێژ و خۆشییەکان هەر هەمووی تاقی بکەنەوە، لە ۸۰٪ی مرۆڤی ئەوروپایی بڕوایان بە جیهانی دوای مردن نییە.. بۆیە دەبێژن: "ئەو دەرفەتەی جارێک بۆمان رەخساوە با لە دەستی نەدەین و چێژ لە شتە جیاوازەکان وەرگرین.".
بەڵام کاسۆلیکەکان وا نیین.. یەکجار هاوسەرگیریی دەکەن.. ئیدی ئەوە پرۆسەی ژیانە و هەر کەسەو بە جورێک لێکی دەداتەوە، هێندێک کەس دەبێژن: "ژیان کلافە داوێکە و سەرەتای هیچە و کۆتاییەکەشی هەر هیچە!"، هێندێکی دیکەش دەبێژن: "جیهان کاروانسەرایەکی دوو دەرییە.. لە دەرییەکەوە دێین و لە دەرییەکەی دیکەوە دەردەچین.. گرنگ ئەوەیە کارێک بکەین خەڵک بە باشە باسمان بکەن!"، باشەش چەمکێکی رەها نییە.. ئەوەی لای تۆ باشەیە.. رەنگە لای یەکێکی دیکە باشە نەبێ!

تۆ لە ماوەی ژیانی پێشمەرگایەتی پێتوابوو هەڵویستت باشە کەچی هەر لەو کوردستانەدا ٤٥٠٠ جاشمان هەبوو.. ئەوانیش مرۆگەلێک بوون.. نابێ بە سووک و سانایی فەرامۆشیان بکەین، یەکێ لە سەرکردەکان گوتبووی:
- رژێم پێشمەرگە و پیاوچاکەکانمان شەهید دەکەن.. ئەگەر ئێمەش جاش بکوژین.. کەواتە بە هەردوو لامان میللەتەکەی خۆمان لەنێو دەبەین.
ئەو قسانە بۆ ئەوە نییە پاساو بۆ ئەو دەمەی دیاردەی جاشایەتی بهێنینەوە بەڵکە ئەوە راستییەکی تاڵ و حاشاهەڵنەگرە

لە هەندەران دەبێ شارەزای رازە کۆمەڵایەتییەکان و فەرهەنگ و دابونەریت بی ئەگینا زوو تێدەکەوی، بە تایبەتیی شێوەی ئاخاوتن و پرسیارکردن، نابێ راستەوخۆ بکەویە نێو قسان.. دەبێ چاوەڕوان بی تا پرسیارت لێ دەکەن.. تۆش بە گوێرەی ئەو پرسیارە وەڵام بدەیەوە، ئیدی دەکرێ بە هەمان شێوە و رێژە و لە هەمان ئاست تۆ پرسیاری خۆت بکەی.. پرسیارەکانیش نابێ شێوازی لێکۆڵینەوە لە خۆ بگرن وەک ئەوەی پۆلیسی لیکۆڵینەوە دەیانکا! بۆ نموونە نابێ یەکسەر بە ژنێک بلێی مێردت کردووە چونکە لەوانەیە لەگەڵ ژنێکی دی بژی کە پێیدەڵێن (لیسپیسک).. یاخود ئەگەر نێرینە بوو پێی بلێی ژنت هێناوە چونکە لەوانەیە لەگەڵ پیاوێکی دی بژی کە پێیدەڵێن (هۆمۆسەکشوەڵ).. ئەو پەیوەندییانە تا رادەیەک بە شاراوەیی دەمێننەوە، تەنانەت نابێ پرسیاری ئەوە بکەی؛ تەمەنت چەندە و خەڵکی کوێی و چ ئیش دەکەی و چەند منداڵت هەیە.. لەماڵەوە ئاژەڵ بەخێو دەکەی و ناوی ئاژەڵەکان چین؟ چەند برا و خوشکت هەیە... ئەو زانیارییانە بە پێی ماوە و چۆنیەتی ئاشنابوون دەردەکەوێ.. یان کەسەکان خۆیان دانیان پێدا دەنێن یان هەر بە نهێنیی دەمێننەوە وەک بەشێک لە ژیانی تایبەتمەندیی هەر مرۆڤێک!

هەڵبەتە ئەو حوکمە رەها نییە و لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی دی دەگۆڕدرێ، بەڵام ئێمە باسی شێوە گشتیی و باوەکە دەکەین، بۆ نموونە کەسێ ئیشت لەگەڵ دەکا.. نابێ بچیتە نێو ژیانە تایبەتییەکەیەوە کە پێیدەڵێن (پریڤات) بەڵکە دەبێ لە سەر هێڵە گشتییەکانی ژیان بئاخڤن، وەک لای خۆمان نییە کە هەر دوای ئاشنابوون یەکسەر هوورد و درشتی ژیانی تایبەتییان بۆ یەک هەڵدەڕێژن، لەو میانەش ئەگەر خۆپارێزیی بکەی و قسە نەکەی دەڵێن ئەوە چییە دەڵێی دوڵمەی پێچراوەی کەس نازانێ چیت لە ناخ دایە! خەڵکی وڵاتی ئێمە شێوازی قسەکردنیان ئامۆژگاریی ئامێزە، کەچی خەڵکی ئەورووپا حەزیان لەوە نییە ئامۆژگارییان بکەی، ئەوان پێشنیاریان پێ باشترە.. چونکە پێشنیار دەرفەتێکی دیموکراسیی و پانتاییەکی بەرفراوانی مرۆیی تێدایە.. لە کاتێکدا ئامۆژگاریی وەک چەکوش وایە، لەو بوارەشدا پەندێکی پێشینانی نەرویجیی هەیە دەڵێ "ئەوەی چەکوشی بەدەستەوە گرتبێ وا

دەزانێ هەموو گرفتەکان بزمارن.. هەر پێیدا دەکێشێ!"، لە ئەوروپا چێژ و چەشە بە قسەکان دەبەخشن، بۆ نموونە پلانێکیان هەبێ چەند مانگێک پێشتر باسی لێوە دەکەن کە پلانەکەش جێبەجێ بوو بە چێژەوە لێی دەدوێن، ئەو بوارە جێگەی پرسیار و وەڵامی تێدا دەبێتەوە، کاتێ وڵاتی خۆیان جێدەهێڵن و سەردانی وڵاتێکی دیکە دەکەن، زۆر شانازیی بەو هەنگاوەوە دەکەن بەوەی کە زانیاریی و ئەزموونیان زۆر بووە، لە کاتی خواردن و خواردنەوەش جیاوازییان هەیە لەگەڵ خەڵکی لای خۆمان، دەبێژن ڕۆژاواییەکان دەمژمێرێ بە چێشت لێنانەوە خەریک دەبن کەچی بە دوو دەمژمێر دەیخۆن، لە کاتێکدا لە لای خۆمان دوو دەمژمێر خەریکی دروستکردنی خواردن دەبن کەچی بە نێو دەمژمێر دەیخۆن!

سەبارەت بە سۆز و خۆشەویستییش.. تۆ ئەگەر خۆشەویستییت هەبوو دەبێ بیخەیتە چوارچێوەوە تا بەرانبەرەکەت لێت وەربگرێ، ئەوە ڕاستییەکی بەڵگەنەویستە و لە وڵاتی خۆمانیش پەیڕەوی لێ دەکەین.

چەندەی باسی ئەورووپات بۆ بکەین وەک ئەوەیە کە ئاسنی سارد بکوتینەوە چونکە تۆ زوو زوو زنجیرەی یادەوەرییەکانت دەپچڕێن و یەکسەر مێشکت بۆ لای لالە حەمە و پێشمەرگایەتی وەردەچەرخێ. پاش ئەوەی نامەکەت گەیاندە شار.. دوای سێ ڕۆژ ڕێکخراوەکانی شار ڕێوشوێنی دەربازبوونیان بۆ دیارکردن، ئەوە بوو ئەنگۆیان گەیاندە بناری شاخێک و گوتیان لێرەوە خۆتان بە پێ بڕۆن، دوای چەند ڕۆژ لە برسیەتی.. نان و قوتوو گۆشت و تەماتەیان هێنا.. کە خواردت ڕشایتەوە چونکە هێشتا کاریگەریی نەخۆشیی مەلاریا لە خانەکانی لەشت مابوو، ئیدی هاوڕێیەکانت بە پێ ڕۆیشتن و تۆشیان بەو هێزەی کە یارمەتی ئێوەیان دا ڕاسپارد.. ئەوانیش تۆیان بە ماشین گەیاندە دەڤەری قەڵادزێ چونکە بارەگایان لەوێ بوو، بۆ شەو لەوێ مایەوە و بۆ ڕۆژی دواییش تۆیان گەیاندە هاوڕێیەکانت، یەکێ لە هاوڕێیەکانت کە نێوی (شۆڕش کۆیی) بوو - کە دواتر لە کاتی ڕاپەرین لە نێو بەفردا شەهید بوو - گوتی:

- خۆزگە ئێمەش نەخۆش بووینایە تا ئەو ڕێیە سەختەمان بە پێ نەبڕیبا!

مرۆڤ کاتێ بە ئازادیی و بە ماشین لە نێو شارەکان هاتوچۆ دەکا، نازانێ دەردەسەریی

ڕێگەبڕین چییە.. بەڵام کاتێ بە پێیان و بە قاچاغ مل بەو شاخ و ڕێگە سەختانەوە دەنێ ئەنجا هەست بە ئازار و مەینەتییەکان دەکا!

بۆ دەروێشێکی وەک تۆ گۆڕانی کات گۆڕانێکی فیزیکیی بوو، هیچ کاریگەرییەکی وەسەر هزر و ئەندێشە و ئایندەی تۆوە نەبوو! لە لای تۆ رابردوو سفر بوو.. هەروا ئایندەش نادیار و ئاڵۆز بوو، تۆ تەنیا لەو ساتەوەختە دەژیای کە لە نێوان چارەنووسی ژیان و مەرگ کاتەکانت بە ڕێ دەکرد، لە راستییدا وەدوای هێڵێکی دووکەڵاوییەوە بووی یان روونتر بڵێین وەدوای ئەندێشە و گومانێکەوە بووی.. لەسەر ڕێچکۆڵەیەکی رەشی نێوان دوو بۆشایی هەنگاوت هەڵدەگرت، ژیانی مرۆڤ وەک کێلە بەفرێکە کە لەبەر هەتاوی رۆژگار پەیتا پەیتا دەتوێتەوە! هەر لەو بیرکردنەوانەدا بووی گەیشتنە سەر سنوور، لەوێ دەستتان بە خانوو دروستکردن کرد، وەرزی پایز بوو.. لەبەر سەرماوسۆڵە بە زەحمەت ئیشتان پێ دەکرا، دواتر هێزەکانی بادینانیشتان گەیشتنە لاتان.. زۆربەیان لە هاوڕێیانی عەرەب بوون.. ئەوانیش دەستیان کرد بە بنکە دروستکردن، بە هۆی جێگیربوونی ئێوە و هێزەکانی لایەنەکانی دیکە لەوێ ناوچەکە ئاوەدان بۆوە.. بارەگاکانی لایەنەکانی دیکە لە دیوی ئێران بوون.. کەچی هی ئێوە لە دیوی ئێراق بوون، هەرچەند لە مێشکی ئێمەدا ئەو سنوورانە دەستکرد بوون و هەمووی هەر خاکی کوردستان بوو.. بەڵام بە پێی یاسای نێودەوڵەتی دابەش کرابوو، لە نێو ئەو بنکانەدا (ئەرسەلان)ت ناسی.. لە لایەن (حیزبی تودە)وە وەک مێوان بۆ لای ئێمە نێردرابوو، ئەرسەلان گەنجێکی دەنگخۆش بوو.. بەژنوباڵایەکی مامناوەندیی و پرچێکی لوولی هەبوو، دوای ماوەیەک زانیت هاوسەرەکەی جووە و ئەندامێکی کارای حیزبی تودەیە.. ئەویش چەشنی ئەرسەلان باڵای مامناوەندیی بوو.. ڕوویێکی خڕ و دوو چاوی ئەفسوونیی هەبوو، تۆ هەر لە منداڵییەوە جووەکانت خۆشدەویست.. لەبەرئەوەی خەڵکێکی تایبەت بوون و نەریتی تایبەتی خۆیان هەبوو، خاڵێکت هەبوو کرێکاری پاڵاوگەی نەفت بوو.. هەموو جارێ باسی هاوڕێیەکی جووی دەکرد کە لەگەڵی ئیشی دەکرد.. دەیگوت:

- جەژنێکیان هەیە پێیدەڵێن (کەپرە شینە).. ئەو جەژنە لە کاتێک دەگێڕن کە وەرزی هاوینە و نەرمە بارانێک دەبارێ.. هەموو ساڵێ (ساڵە یەهودی) لەو جەژنەدا مێواندارییم دەکا و گیرفانەکانم پڕ چوکلێت و چەرەز دەکا!

خیزانەکەی ئەرسەلان ناوی (سارا) بوو، ئەرسەلان و سارا تۆیان خۆشگەرەک بوو.. لەبەرئەوەی کە دەچووی بۆ شارەکانی ئێران پەرتووک و رۆژنامەت بۆ دەهێنانەوە، پتر داوای پەرتووکەکانی (دانشجویانی خەتی ئیمام)یان دەکرد کە لە ساڵی ١٩٧٩ رۆڵیان هەبووە لە داگیرکردنی باڵیوزخانەی ئەمەریکا، دواتر لە ساڵی ٢٠١٣ فیلمێکم بە ناوی (ئارگو) بینی لەسەر ئەو رووداوە.. خەڵاتی ئۆسکاریشی وەرگرت، ئەرسەلان دەیگوت:

- لە زانکۆی تاران سارام ناسی، وەک هەوادارى حیزبى تودە بە یەک ئاشنا بووین.. دواتر هاوسەرگیرییمان کرد (هەر لە میانەی ئەو قسانەیدا ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی) داخەکەم منداڵمان نابێ.. ساراش تووشی نەخۆشیی (شەقیقە) بووە.

دوای ماوەیەک حیزب ناردنی بۆ دەرەوەی وڵات.. لە رێگەی ئێران و ئەفغانستانەوە بۆ کۆماری ئازەربایجان لەوێشەوە بۆ نەرویج، ئەوان کە رۆیشتن دوای ماوەیەک لە ئازەربایجانەوە نامەیەکیان بۆ ناردی.. لە نامەکەدا گوتبوویان:

- هیوادارین لەشت ساغ بێ و لە باری دەروونییەوە سەقامگیر بی، رۆژێک دادێ نۆرەی تۆش بێی و بگەیە ئازەربایجان.

بەڵام ئەو کاتە زەحمەت بوو بۆ تۆ بتنێرن بۆ دەرەوەی وڵات چونکە تۆ لە حیزبێکی ناسیونالیستییەوە سەنگەرت گواستبۆوە.. حیزبی شیوعیش تا بڵێی رقیان لەو حیزبە ناسیوناڵیستییە بوو کە تۆ چەند ساڵ ئیشت تێدا کردبوو چونکە لە کاتی شەڕی نێوخۆدا خوێنیان کەوتبووە نێوان! لە کاتێکدا تۆ وەک مرۆڤێکی تیۆریی هەر ئایدیۆلۆژیات دەخوێندەوە.. شارەزای مێژووی رق و کینە نەبووی! بە بەرچاوی تۆوە هەر ماوە ماوە چەند کەسێکیان دەنارده دەرەوەی وڵات، هەندێ جار تۆ بەڵگەی ساختەت بۆ دروست دەکردن.. پێشتر لە رێگەی رێکخراوە ئێرانییەکانەوە فێری ئەو هونەرە ببووی! دەبووایە تۆش یەکێ بی لەوان.. بەڵام کە ئێراق کوێتی داگیر کرد ئیدی دەرگەی ناردنەدەرەوە داخرا! ئیدی تۆش وەک کەسێکی دڵشکاو بەشداریت لە رووداوەکانی راپەرین و دوای راپەرین کرد!

لە لایەک مێشکت لای ئەو هاوڕێیانە بوو کە تۆیان جێهێشت و چوون بۆ دەرەوە، لە لایەکی دیکەش ئاگات لە پێشهاتەکانی راپەڕین بوو، لە دڵی خۆتدا گوتت ئێستا کاتی ئەوە هاتووە وەک پێشمەرگەیەکی جەربەزە قۆڵی لێ هەڵبماڵی، سەردەم سەردەمی ئابڵۆقەی نێودەوڵەتی بوو بۆ سەر ئێراق.. لە بارەگاکان نانی جۆتان هەبوو! بە کورتیی کاتەکانت لە

نێو قەیرانی ژیان بەڕێ دەکرد، هەر لەو سەروبەندەدا بوو هێزی (موجاهدینی خەڵق) - کە داروەدەستەی رژێمی ئێراق بوون - هێرشێکی نارەوایان کردە سەر شاری کەلار بەڵام دوای چەند دەمژمێرێک تێکشکان و هەژدە تەرمیان لە دوای خۆیان جێهێشت، لەو سەردەمەدا رۆژانە و هەر جارەو پڕوپاگەندەیەک بڵاودەکرایەوە؛ جارێک گوتیان (عیزەت دووری) بە دیل گیراوە! جارێکی دیکە گوتیان رژێمی سەدام رووخاوە... بەڵام هیچی وا دەرنەچوون.. تا لە پڕێک گوتیان رژێم هێرش دێنێ و دەبێ شارەکان چۆڵ بکرێن، ئەوە بوو کۆڕەوی چوار ملیۆنیی دەستی پێکرد، لە کاتێکدا کە باران دەباری.. خەڵک بە پێی پەتیی و زگی برسی بۆ سنوورەکان هەڵدەهاتن، پەیامنێرە بیانییەکان بە بایەخەوە بۆ ئەو کارەساتەیان دەڕوانی، دواتر رێکخراوە جیهانییەکان بە سەرپەرشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان خێوەت و خواردنیان وەسەر خەڵکە ئاوارەکەدا دابەشکرد، کوردەکانی رۆژهەڵاتیش - ماڵیان ئاوا بێ - دەرگەی ماڵەکانیان بۆ کوردە پەڕاگەندەکانی کوردستانی باشوور ئاوەڵا کرد، خەڵکێکی زۆر لە پیر و پەککەوتە و نەخۆش و کۆرپە منداڵ مردن و بە ناچاریی لەو رێوبانانەدا دەیانناشتن!

تۆ بە چاوانی خۆت دیتت دایکان چۆن دەگرین.. باوکان چۆن رۆڕۆ دەکەن، هەندێ پێشمەرگە چەکیان فڕێ دەدا و خۆیان بە ئێران و تورکیادا دەکرد، بەڵام تۆ و هاورێیەکت کە بە رەگەز عەرەب بوو لەگەڵ کومەڵێک چەکدار کە خزم و کەسوکاری یەکدی بوون - تا دوێنێ جاش بوون و ئەمرۆش پێشمەرگە - هەر لەودیوەی سنوور مانەوە، هەرچەندە هاوزمان و هاوڕەگەزی تۆ بوون بەڵام ئێوە زۆر لێیان دەترسان بتانکوژن و تەرمەکانتان بە دیاریی بۆ رژێم ببەنەوە، پێشتر لە دوای ئەنفالەکان چەند رووداوێکی لەو بابەتە روویدابوو؛ چەند پێشمەرگەیەکی یەکێتی لە دەشتی هەولێر و گەرمیان پێش چوونەوە باوەشی رژێم کۆمەڵێک پێشمەرگەی حیزبی شیوعی و تەنانەت هی خۆشیان شەهید کرد! بۆیە ئێمە ناهەقمان نەبوو لێیان بترسین.. مارانگاز لە گوریسی رەشیش دەترسێ! هاورێیەکەت لە بێ متمانەیی بە چەکدارەکان پێی باش بوو کاتی نوستن تەنیا خۆت و ئەو بە نۆرە ئێشک بگرن!

لەگەڵ ئەو هاورێیە هەندێک چینکۆی رەبیەکانتان هێنا و گەرماوێکی سادەتان لێ چێکرد.. ئەو چەکدارانەی لەگەڵتان بوون یەک لەدوو یەک لەوێ خۆیان شوشت، هاورێیەکەی تۆ

پێش ئەوەی پەیوەندیی بە ریزەکانی پێشمەرگەوە بکا لە ترسی گرتن لە لایەن رژێمەوە بۆ وڵاتی قوبرس رایکردبوو، ئەو پێشمەرگانەی پێشتر وڵاتانی دەرەوەیان دیتبوو ئەزموون و شارەزاییان لە خوێندنەوەی بارودۆخەکان پتربوو، لەو دەمەدا بە بڕیاری نێودەوڵەتیی هێڵی دژەفڕین داندرا، ئەمەریکا خەریک بوو لە عێراق و کوردستان هەژموون پەیدا بکا، هاورێیەکەت ئەو گۆڕانکارییەی پێ باش نەبوو.. دەیگوت:

- ئەمەریکا وڵاتێکی ئیمپریالیستیی و سەرمایەدارییە.

ئەمن گۆڕانکارییەکانم پێ خۆش بوو.. پێمگوت:

- راستە ئەمەریکا وڵاتێکی ئیمپریالیستیی و سەرمایەدارییە بەڵام لەو کایەیەدا کورد وەک میللەتێکی خێر لە خۆ نەدیو بڕێک قازانجی دەستدەکەوێ (وەڵامەکەم سادەتر روونکردەوە و گوتم) من وای وێنا دەکەم کە ئەمەریکا بەڵێندەرێکی سەرمایەدارییە و دەیەوێ پڕۆژەکەی لە کوردستان ئەنجام بدا، خەڵکی کوردیش چەشنی کرێکاری زەحمەتکێش لەو پڕۆژەیەدا هەلی کاریان بۆ دەڕەخسێ.

تا رادەیەک قسەکەی من راست دەرچوو!

دوای ماوەیەک دەنگۆی دانوستان بڵاوبۆوە.. هووردە هووردە خەڵک دەگەڕایەوە شارەکان، پێت سەیر بوو لەو دەمەدا کۆمەڵی ماڵ لە لایەن جاشەکانی دوێنێ کە پێشمەرگەی ئەمڕۆ بوون تاڵان کرابوون! لە کاتێ تەنگانە دەبێ دراوسێیان و هاوشارییان پاڵپشتی یەک بن و سەروماڵی یەکدی بپارێزن، کەچی هەندێ کەسی بودەڵە و گرگن ئەو نەریتەیان تێکشکاند، ئیدی ئێوە لەگەڵ هێزەکانی بەرەی کوردستانیی ئەودەم دادگایەکی رواڵەتییتان دامەزراند و کێشە کۆمەڵایەتییەکانتان چارەسەر دەکرد!

تۆ کاتێ خۆی بە چەند مانگێک پێش راپەڕین لە رێگەی کوچکردوو هاورێ (کۆسرەتە شەل)ەوە ناسیاوێکتان ١٠٠ دۆلاری بۆ ناردبووی، یەکسەر کردتە دیناری ئێراقی و بڕێکت خەرج کرد و ١٥٠ دیناریشت بۆ تەنگانە هێشتەوە! رۆژێکیان هاورێیەکت داوای پارەی لێکردی بە مەبەستی ئەوەی بچێ بۆ هەڵەبجە.. تۆش ١٠٠ دینارت پێدا و ٥٠ دینارەکەشت بۆ کاتێکی دیکە هەڵگرت، ئەوە بوو باوکت سەردانی کردی.. سەرەتای ئابڵۆقەی ئابووریی سەر ئێراق بوو و باری مادیی زۆر شڕ بوو، پێش گەڕانەوەی گوتی:

- جێبیکم هەیە پێویستی بە تایە هەیە؟ (تۆش ٥٠ دینارەکەت پێدا.. ئەویش بە چاوێکی فرمێسکاوییەوە گوتی):

- پارەکە بەشی کڕینی تایەیەک ناکا! (تۆش هیچ دەسەڵاتێکت نەبوو.. ئیدی جێیهێشتی).

بە راستیی رۆژگاری ئابلۆقە دەمێکی سەخت و دژوار بوو بە تایبەتیی بۆ خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت؛ خەڵک تامەزرۆیٚ رۆن و شەکر و چای و پۆشاک بوون.. یەکی لە براکانت دەیگێڕایەوە کە لە زستان پەتووی کۆنی بردووە بۆ بەرگدروو و قەمسەڵەی لێ چێکردووە! لە باتی شامپۆ زاهییان بەکارهێنابوو! ئەوانەو دەیان و سەدان دیاردەی دیکە کە تەنگی بە خەڵک هەڵچنیبوو، لە هەمووی کارەساتبارتر ئەوە بوو بە هۆی نەبوونی شیر بۆ منداڵان سەرئەنجام لە ماوەی دە ساڵی ئابلۆقەدا نزیکەی ٦٠٠ هەزار منداڵ گیانیان لە دەست دا!

دوای کۆڕەوە ملیۆنییەکە بەرەی کوردستانی بڕیاری گفتوگۆی دا لەگەڵ رژێمی سەدام، بۆیە دەرفەتیکی فراوانتر بۆ خەڵک رەخسا بۆ ئەوەی پتر بگەڕێنەوە شارەکان، ئەوە بوو وەک نوێنەر لە (لێژنەی تەنسیق)ی کەلار دایانمەزراندی.. بەڵام تۆ بەرگەی ئەو دۆخەت نەگرت.. خەڵک بە شەپۆڵ دەهاتن بۆ لای ئێوە و سکاڵایان هەبوو، یەکێ لە هاوکارانی ئەو کاتەت گوتی:

- ئێمە وەک پاشای هیند واین.. هیچمان بە دەست نییە.

بۆشاییەکی گەورەی بەڕێوەبەریی و یاسایی لە کوردستان هەبوو.. ئێوە نەتاندەتوانی پڕی بکەنەوە، ژیان بریتییە لە ململانێ، بەڵام لە پێناو چی؟! بەرسڤەکەی روون نییە و زۆر ئاڵۆز و پڕ تەمومژە، ئێمە لە پرۆسە گەورەکەی ژیان دۆڕاوین کەواتە سەرکەوتن و ژێرکەوتن پرسێکی رێژەییە!

ئیدی هەندێ کەس هەیە هەڵپەی ناپێویست و بێ واتا دەکەن، هەندێکی دیکەش بە دڵێکی ساردەوە پێشوازیی لە بێهوودەیی ژیان دەکەن! بزووتنەوەی رامیاریی لە وڵاتی ئێمە لە نێو زەلکاوی بیرۆکراسیەت و گەندەڵیی دۆش داماوە! هەرچەند ساڵێک بە لایەکدا دەکەوێ.. لە نسکۆوە بۆ هەرەس.. لە هەرەسەوە بۆ ئاشبەتاڵ و هەڵهاتن!

ئێمە نازانین لایەنگری کێ بین، رەنگەکان تێکەڵاون.. لە کۆتاییدا لەسەر خزەی خانە

خمینەکان دەخلیسکێین و خۆمان لە نێو تونێلێک دەبینینەوە جگە لە تاریکیی و ڕەنگی خوڵەمێشیی هیچ ڕەنگێکی دیکە وەدی ناکەین! ڕەنگەکان جەنگاوەریان هەیە و لە گەمەیەکی بەردەوام دان و گۆڵ لە یەکدی دەکەن.. هەیە فێڵی سەربازیی دەکا.. هەشە فێڵی ڕامیاریی.. ئیدی کایەی گۆڵگۆڵێنە، لەو میانەش کێ باجەکەی دەدا.. هەر خەڵکی قەلەندەر و هەژار و بەدبەختن.. ئەوانەی تەنیا بیر لە پارووی ژیانی سبەی دەکەنەوە.. ئەوانەی کە ناتوانن دیاردەکان بە ڕوونیی و ڕاشکاویی بخوێننەوە، هەر بۆیە دڵیان بۆتە تابووتێک و ژیانی تێدا خزێندراوە!

لەو سەردەمە تۆ لە نێو بەرداشی دوو بیرکردنەوەدا مێشکت دەهاڕدرا؛ یەکەم وەک کەسێکی ئاوارە دوور بووی لە کەسوکار، دووەم وەک ئەوەی هاوڕێیەکانت زۆربەی زۆریان نێردرابوون بۆ هەندەران، سەرەڕای ئەوەش لەو قاتوقڕییەدا دۆلار ئاگری دەکردەوە، هاوڕێیەکانی هەندەران یارمەتی ماڵەوەی خۆیان دەدا.. هاوسەرگیرییان دەکرد.. گەشت و گەڕانیان دەکرد و کاتی خۆیان بە ئاسوودەیی دەگوزەراند، لەوانەیە ئەو پرسیارە خۆی لە لات قوت بکاتەوە کە بۆچی تۆیان نەنارد بۆ هەندەران؟!

یەکەم تۆ لە بنەماڵەیەکی شیوعی نەبووی! دووەم تۆ لە حیزبێکی ناسیونالیستی دژ بەوان چووبوویە نێو ئەوانەوە! سێیەم تۆ لەسەر هیچ مەسەلەیەک پێداگرییت نەکرد و ماستاوکەر و خۆڕەپێشکەریش نەبووی!

ئیدی دوای ڕاپەڕین بە خۆشیی خۆت بوو یا بە ناچاریی بۆ جارێکی دیکە بوویە جەنگاوەری گۆڕەپانەکە، لەو نێوەدا شەڕی سەرقەڵا رووی دا.. ئێوەش لەگەڵ پێشمەرگەکانی لایەنەکانی دیکە بە خەستیی بەشداریی شەڕەکەتان کرد بەڵام قورسایی شەڕەکە لەسەر پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی بوو بۆیە چەندین پێشمەرگەی لاویان لێ شەهید کردن کە خەڵکی کفری و دووز بوون!

ڕۆژێکیان بە پیکابێکی لاندگرۆزەرەوە لەگەڵ (مام جوامێر) چوون بۆ شەڕی کفری.. تازە پێشمەرگەیەک - کە لە کۆنەوە دەتناسی - چەند جار دووبارەی کردەوە و گوتی:

- وامزانی لە دەرەوەی ولاتی! (مام جوامێر لێ توورە بوو و پێیگوت):
- ئەدی ئەوە نییە لەگەڵ تۆدا بۆ شەڕ دەچێ، دەرەوە دەرەوەی چیتە لەو بەستەزمانە!

حیزبی شیوعی وەک حیزبێکی ستالینیی؛ حیزبی میرات و بنەماڵە بوو.. خاوەن ئایدیۆلۆژیای وشک بوون.. دیدیکی مرۆییان نەبوو.. لە روانگەیەکی تەسک و وشکەوە دەیانڕوانییە دۆستی نوێ.. هەمیشە بە گومانەوە لەتەک کەسانی تازە مامەڵەیان دەکرد.. پێیان وابوو خەڵک ناچارە بەگەڵیان بکەوێ.. هەر وەک ئەو کاتانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ خەڵک دەکرد کە یەکێتی شوورەوی مابوو و دەسەلاتیان لەوپەڕیدا بوو!

ئاکام کار گەیشتە ئەوەی کە نەتوانی بەو هیوایەی جاران ئیش بکەی و پەرە بە چالاکییەکانت بدەی، لەو سەروبەندەشدا جاروبار دایکت سەردانی دەکردی و کومەڵێ خەم و خەفەتی ماڵەوەی بۆ دەهێنای.. جارێکیان گوتی:
- باوکت لە شاری (حلە) ئێشکگر بوو، رۆژێک لەسەر حەوزێک ویستویەتی دەموچاوی بشوا کەچی پێی خزیوە و کەوتۆتە نێو حەوزەکەوە.. ئەنجام شیشێک ورگی دڕیوە. (هەر لەو میانەدا ئاهێکی هەڵکێشا و درێژەی بە قسەکەیدا):
- کوڕم ئەوەش لە نێوچاوانی تۆ.. بە هۆی تۆوە بوو رژێم خێزانەکەمانی گواستەوە بۆ شاری (حلە)، لە سەردەمی ئابلۆقە و قاتوقڕییدا مریشک و قاز و مراویم بەخێو دەکرد.. هێلکەم لەبن هەندێکیان دانایەوە بەلام لە کاتی هەڵهێنانیاندا ئێمەیان گواستەوە و منیش ناچار بە نیوەچڵ دامە دراوسێیەکان.. هەروا تەخت و قەنەفەکانیشم هەرزانفرۆش کرد!
تا ئێستاشی لەگەڵ دابێ هەر باسیان دەکا، ئەوەش لە ئەنجامی هەڵویست بوو، بەلام ئەمرۆ هەڵویست.. کێ دەیکرێ؟! کێ دەیفرۆشێ؟!

کومەڵی خەڵکی ملهوڕ دەستیان وەسەر دەسەلاتدا گرتووە.. بە پێی گوڕاح و ئارەزووی خۆیان تەراتێنی پێ دەکەن! تۆ هەر لە منداڵییەوە رقت لە دەسەلات دەبۆوە.. هەر لە دەسەلاتی باوک و دایکتەوەڕ بگرە تا دەگاتە دەسەلاتی دابونەریت و ئاینیی و کۆمەلایەتی دواکەوتووەوە.. سەرئەنجام ئەو دەسەلاتە رامیارییەی هەنووکەش سەربار!

پێت سەیرە هەندێ کەسی بە ناو ئەدیب لە چوارچێوەیەکی رامیاریی تەسک ئیش دەکەن، یا لە نێو شیعر و چیرۆکەکانیاندا ئەسپی حیزبیی تاو دەدەن.. بێگومان ئەو جۆرە کەسانە تووشی شیزوفرینیای هەڵویست هاتوون ئەگینا ئەدەب و رۆشنبیریی مرۆڤی یاخی بەرهەم دێنێ.

لەو نێوەدا نامەیەکی ئەرسەلانت وەدەست گەیشت، لە نامەکەیدا باسی هاورێیەکیان بە ناوی (ئەکبەر)ەوە دەکا کە چۆن لە ئەنجامی کاری رێکخراوەیی لە ئێران گیراوە و شەهید کراوە، کاک ئەکبەر دەروێشێکی مارکسیی بوو.. تێکڕای کلاسیکی مارکسیەتی لەبەربوو، رۆژێک خەریکی نووسینی نامیلکەیەکی دەبێ.. کە لە ژوورەکەی دێتە دەرەوە دەڵێ:

- (مەنسوور حیکمەت)م تەنگاو کردووە.. هەر ماوە (زەربە قازی)یەکەی لێ بدەم!

هەروا ئەرسەلان لە نامەکەیدا باسی لە نێوەڕۆکی فیلمێکی نەرویجیی دەکا کە خەڵکی رۆژاوا چۆن دەڕواننە سێکس و شەرەف.. ئەرسەلان دەڵێ:

- لە رۆژهەلاتدا سێکس و شەرەف ئاوێتەی یەکدی بوونە.. بەڵام لە هەندەران بە جۆرێکی دیکە بۆ ئەو پرسە دەڕوانن. (فیلمەکە بەو شێوەیە دەگێڕێتەوە):

- "ژن و پیاوێک کە پێکەوە دەژیێن، سەر لە ئێوارەی رۆژی هەینی پێکەوە بۆ دیسکۆیەک دەچن.. دوای مەستیی و سەماکردن ژنەکە پیاوێکی دی هەڵدەبژێرێ و ئەو شەوە لەگەڵیدا دەخەوێ.. لە بەرانبەردا پیاوەکەش ژنێکی دی هەڵدەبژێرێ و ئەو شەوە لەگەڵیدا دەخەوێ، بۆ سبەینێ کە مەستیی بەریان دەدا و دەگەڕێنەوە لای یەک باوەش لە یەک دەگرن و بە یەکدی دەڵێن خۆشەویستیی راستەقینە لە نێوان هەردووکمان دایە!".

ئەوە واتای ئەوە ناگەیەنێ کە سێکسی پشت پەردەی هاوسەریی لای ئەوان بوونی نییە، لەوانەیە چەندین کەس لە لای ئەوانیش لەسەر سێکسی پشت پەردەی هاوسەریی و ئێرەیی بە یەک بردن و فرتوفێڵ لە یەک کردن بکوژرێن.. بەڵام سینەما لەوێ پەیامی خۆی هەیە.. هەمیشە چەند هەنگاوێک لە پێشەوەی خەڵکە.. سینەما رێپێشاندەرە و دەیەوێ وێنەی نموونەیی پێشکەش بکا بەڵکە بتواندرێ لە ئایندەدا قوربانیانی ئەو پرسەیە و هەر کێشە و گرفتێکی دیکە کە لە نێو کۆمەڵ هەن کەم بکرێنەوە.

هەروا ئەرسەلان باسی نەخۆشیی هاوسەرەکەشی دەکا کە چۆن نامۆیی تاراوگە و دووریی لە نیشتمان پتر کاری تێ کردووە و سەر ئێشە و (شەقیقە)کەی پتر بووە!

تۆش بە تاسەوە دێر بە دێری نامەکەی ئەرسەلانت خوێندەوە، هەواڵی شەهیدبوونی کاک ئەکبەر زۆر خەمباری کردی، سەبارەت بە دۆخی خێزانەکەشی خەم دایگرتی، بەڵام فیلمەکە زۆر سەرنجی راکێشای، خۆزگەت دەخواست کۆمەڵگەی ئێوەش رۆژێک لە رۆژان وای لێ هاتبا.. چیدی سێکس نەکەنە پێوەر و ژنان بە هۆی سێکسەوە نەکوژرێن.. بەڵام ئەوە خواستێکە وەک زۆر لە خواستەکانی دیکە، رەنگە نەوەی ئێمە نەیبینن.. لەوانەیە ئەو کێشانە بۆ نەوەکانی داهاتوو زۆر ئاشکراتر و روونتر ببنەوە و ببنە جێگەی مشتومڕ و قسە لەسەرکردن.. ئەوە ئەگەر کۆنەپەرستان لێبگەڕێن رەوڕەوەی رەوتی کۆمەڵ بە شێوەیەکی ئاسایی بەرەو پێشەوە بچەرخێ!

زۆر قسە و باس دەربارەی هەندەران ژیان و گوزەرانی خەڵکی هەندەران دەکران و زۆر سەربردە و سەرگوزشتەی سەیر و سەرنجڕاکێش لەو بارەیەوە دەگێڕدرانەوە.. تۆش وەک هەر مرۆڤێکی سەر ئەو گۆی زەوییە کە خولیای ئاشکراکردنی راز و نهێنییەکان و دۆزینەوەی نوێ بێ.. حەزت دەکرد دیاردە و رووداوە تازەکان لە نزیکەوە ببینی، بۆیە وەک مرۆڤێکی یاخی دوای ماندووبوونێکی زۆر لە رێی هاتونەهات و بە پارەی کرێکاریی لە چەندین وڵاتی وەک ئێران و تورکیا و یۆنان و ئەڵمانیا و... هتد سنوورەکانت بەزاند.. تا سەرئەنجام توانیت بە شێوەیەکی قاچاغ خۆت بگەیەنیە یەکێک لەو وڵاتانەی هەندەران و تێیدا بگیرسێیەوە!

ئیدی ئێستا لێرەوە - سەرەڕای ئەوەی نیگاری خانە خمینە روون و دیارەکانی ئەوێ بە شێوەیەکی بازنەیی لەسەر پەردەی مێشکت چەسپ بوونە و هەرگیزاو هەرگیز ناسڕێنەوە - ئەوە سەردەمانێکە خانە خمینە رۆپۆشکراوەکانی ئێرە لە چاوەڕوانیی دیداری نیگایە گەش و رۆشنەکانت ریزیان بەستووە و لە نێو بازنەیەکی فراوانتردا قەتیسیان کردووی!!!